# براوەی هەڵبژاردنەکە کوردستانە

**پارتی زۆر باش لە دەنگدانەکەدا هەڵکشاوە و لەهەر سێ پارێزگا پشتیوانی بۆ خۆی زیاد کردووە، ئەگەر بمانەوێت پارتی خاوەن هەژموونی ئێستای کوردستان دیاری بکەین ئەوە پارتی ئەو نازناوەی پێدەبڕێت.**



دەیڤید ڕۆمانۆ*

هەڵبژاردنەکەی ٢١ی ئەیلول چەند موفاجەئەیەکی تێدا بوو. لە هەمویان دیارتر، هەڵکشانی بزووتنەوەی گۆڕان بوو بۆ دووەم هێزی جەماوەری لە هەرێمەکەدا. ئەوانەی وەك ئێمە کە ڕاهاتبوون باشووری کوردستان بەو شێوەیە وەسف بکەن کە دوو هێزی هەژموونگەرای تێدایــە- (پارتی دیموکراتی کوردســـتان) و(یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) — دەبێت بە وەسفکردنەکەماندا بۆ هەرێمەکە بچینەوە. ئەگەرچی تا ئێســـتا یەکێتی کۆنترۆڵی نزیکەی ٩٠،٠٠٠ پێشمەرگەی کوردستان دەکات، ئـــەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە مانای ئەوە دێت دۆخەکە پتر ئاڵۆز بووە. یەکێتی تەنها لە ســـەدا ١٧ی تێکڕای دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بە بەراورد بە گۆڕان کە لە سەدا ٢٣,٥ بەدەستهێناوە.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش زۆر باش هەڵکشاوە لە دەنگدانەکەدا. ئەم پارتە لە هەر ســـێ پارێزگاکەدا پشتیوانی بۆ خۆی زیاتر کردووە، و نزیکەی لە سەدا ٣٧,٥ی دەنگی دەنگدەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەگـــەر بمانەوێت پارتی خاوەن هەژمونی ئێســـتای کوردســـتان دیاری بکەین، ئەوا پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان ئەو وەســـفەی پێدەبڕێت. دەبێت ئەوە بۆ سەرکردەکانی پارتی بنوســـرێت کە بەڵێنیاندا ڕێز لە ڕێککەوتنە ستراتیجیەکەی نێوانیان لەگەڵ (یەکێتی) بگرن، ئەمە سەرەڕای ئەنجامە داکشاوەکانی-یەکێتی- لە هەڵبژاردندا.

هەروەها دەبێت ئەوەش بۆ سەرکردەکانی یەکێتی وەك بەرهەم ساڵح و کۆسرەت ڕەسول بنووسرێت کە ڕاستەوخۆ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردن قســـەیان کرد و دانیان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکەدا نا، هەروەهـــا هانی شوێنکەوتووەکانیشـــیاندا کە هەمان هەڵوێســـتان هەبێت. ئەگەرچی چەنـــد ڕووداوێکی دابـــڕاو ئاماژە بـــەوە دەکەن کە هەمو پشـــتیوانانی یەکێتی پەیامەکەیان پێنەگەیشـــتبێت. بەڕێز ساڵح و بەڕێز ڕەسوڵ بەڵێنیاندا هەندێ پێداچوونەوەی جیددی بکەن لەســـەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بە ئومێدی ئەوەی ئەم ئەزمونە بکەنە وێستگەیەك بۆ چاکسازی و بووژاندنەوەی حزبەکەیان.

دەقا و دەق دەبێت لە دەوڵەتی دیموکراسیدا شتەکان بەم شێوەیە بەڕێوەبچن. یەکێتی لە ئایندەدا دەرفەتی بۆ دەڕەخســـێت. لە سیستمێکی سیاسیدا کە بەباشی کاروبارەکانـــی بەڕێوەببـــات، دۆڕاندنـــی هەڵبژاردن بە مانای لە دەســـتدانی هەموو شـــتێك نایەت. لە

* مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



بەشێکی زۆری جیهانی تازەگەشەکردوودا، ئەنجامی دۆڕاندن لــە هەڵبژاردنەکاندا، تەنانــەت لە زۆرێك لەو هەڵبژاردنانەشــدا کە تا ڕاددەیــەك هەڵبژاردنی ڕەوان، لێکەوتەی مەترســیداری لێ دروست دەبێت. بەپێچەوانەوە، بــراوەی هەڵبژاردنەکەی کوردســتان ڕاســتەوخۆ بەڵێنی ئەوەیدا کە هەوڵــی پێکهێنانی حکومەتێکــی هاوپەیمانێتی گشــتگیر بدات و کار لەگەڵ یەکێتی و پارتەکانی دیکەدا بکات.

بە پێی چاودێــرە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردن، ئەم هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنێك بوو بەبێ گرفت بەڕێوەچوو و تا ڕاددەیەك ڕەوا و ئازادانە بوو. ئەگەرچی پێدەچێت هەمیشە ئەو ڕاپۆرتانە هەبن کە مایەی نیگەرانین و باس لە پێشێلکردنی ڕێساکان یان هەوڵدان بۆ پڕکردی سندوقەکان لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە دەکەن، بەڵام پێناچێت ڕاپۆرتگەلێکــی باوەڕپێکراو هەبن لەبارەی ساختەکاریەکی گەورە و سەرکەوتووەوە لەم دەنگدانەدا، هەروەها هەموو شــارەزایەکی هەڵبژاردن ئەو ڕاستییە دەزانێــت کە بۆ ئەوەی ئەنجامــی هەڵبژاردنەکان بە ڕاســتی بگۆڕێت، ئەوا پێویستی ساختەکاری لەسەر ئاســتێکی بەربڵاو بکرێت- واتە گۆڕینی دەنگەکان بە ڕێژەی زیاتر لە ســەدا ٣ بە ئاڕاستەیەکی دیاری کراودا. بەڕاستی مەحاڵە ئەم دەستکاریکردنە بەربڵاوە بشــاردرێتەوە، بەتایبەتی لەگــەڵ بەکارهێنانی ئەم ئامێرە نوێیە- مۆری ئەلیکترۆنی- لەم هەڵبژاردنەدا.

دەرئەنجامەکە بە شــێوەیەکە کە پێویســتە هەموو کوردێکی عیراقی شــانازی پێوەبــکات. لە حاڵەتی بوونی سیســتمێکی سیاسیدا کە بەشێوەیەکی ڕوو لە زیــاد ڕوو لە بەدامەزراوەیی بوون و دیموکراتی بوونە و لــە کاتێکدا کە هەڵبژاردنــەکان دەتوانن موفاجەئە دروست بکەن، ئەوا براوەی ســەرەکی دەنگدانەکەی ئــەم دواییە هەموو کوردســتانە. لە مــاوەی چەند ســاڵێکی کەمدا، کوردەکانی عێراق دەستکەوتێکیان بەدەستهێناوە کە هیچ یەکێك لە دراوسێکانیان- جگە لە تورکیا و ئیســرائیل- نەیانتوانیوە بەدەستی بهێنن، سیستمێکی سیاسییان دروســتکردووە کە کار دەکات و هاووڵاتی ئاســایی مافی ئەوەی پێدراوە دەنگ و ســەنگی هەبێت. ئەگەرچی هێشتا تەحەددی گەورە ماونەتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە گەندەڵی و مەحسوبییەتەوە هەیە، ئەوا پێدەچێت مافی بڕیاردانی چارەنووس ئایندەیەك بە کوردەکان ببەخشێت کە پڕبێت لە گەشــبینی. لە هەر حاڵەتێکی خۆشبەختبووندا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتدا دانی پێدادەنێت و پشــتیوانی لە بەرەوپێشچوونی کورد دەکات.

*** ئوســتادی سیاســەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لە زانکۆی میزووری**

# هەڵبژاردن بەرەو سەربەخۆیی کوردستان


دکتۆر محەمەد شەریف*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

به درێژایی مێژووی ژیانی مرۆڤایەتی تاك له کۆمەڵگادا بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە له بڕیاری چارەنووسسازی کۆمەڵگادا وەك سیستەمی سیاسی یاخود یاساو ڕێسایی که ئەمەش خۆی له خۆیدا به وەرچەرخانێکی مێژوویی دادەنرێت له کاروانی هەوڵ و ماندووبوونی تاکەکان له پێناو ئازادیدا.

ئەم بەشدارییەی مرۆڤیش هەوڵێکی کاریگەر بووە له میانی ململانێیەکی سەختی بەردەوامدا له پێناو سەرکەوتنی یاساکانی مرۆڤ بەسەر یاساکانی هێزدا،ئەو مافانەی مرۆڤ لەبەر ئەوەی زۆر بەهێز نەبوونە هاوکات بوونی ویستی ژیانێکی ئازادانه که هەمیشه کۆمەڵگا بەدەست ستەم و چەوساندنەوەی خاوەن دەسەڵات و هێزەکان ناڵاندوویەتی، که بەقەد پانتایی مێژووی کۆنی ئادەمیزاد به ڕێگایەکی تاریك و سەختدا گوزەری کردووە،بەڵام دەبینین هەمیشه له خەبات و کۆڵنەدان بەردەوام بوونه و هێزی بەرگرییان له یاسای سروشتی ویژدان یا له دەنگی زوڵاڵی پێغەمبەران و فەیلەسوفان و بیرمەندان وەردەگرت، که هەر لایەك لەوانه خاوەنی بلێسەی ئازادیی مرۆڤ و سەروەریی ئادەمیزاد بوون.

له دێرزەمانەوە، گریکەکان توانیویانه سیستەمی هاوبەشی تاکی ئازادی بێننه کایەوە، هەر ئەوان دەستپێشخەربوون له داهێنانی سیستەمی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ، به شێوەیەك که هەر تاکێکی کۆمەڵگە ئازاد بێت له بەشداریکردن له هەڵبژاردنی شێوەی حوکمداریدا،ئەو ئازادییەی ئەو سەردەمەش چەمکێکی سنوورداربوو تەنیا له چوارچێوەی یۆناندا بوو،کۆمەڵگەش له نێو ئازادی و کۆیلەیی دابەشکرابوو، له چاخەکانی ئەم دواییەدا چەندین فەیلەسوفی وەکو هۆبزو لوك پەیدا بوون که گوزارشتیان له سیستەمی دیموکراسی کرد که به تەواوی گرفتی سەروەریی مرۆڤ و ڕێزداری و ئازادیی تاکیان چارەسەرکرد و هەر ئەمه بوو که له سەردەمی ئێستاماندا بوو به یەکەم پرەنسیبی چارتەرە نێو دەوڵەتییەکان که لەسەر هەموو کۆمەڵگەیەك پێویسته به تەواوی پێوەی پابەندبن و پەیڕەوی بکەن، که سەرەتاکەشی له مافی هەڵبژاردنەوەیە، هەر لەبەر ئەوەیه که هەڵبژاردن خۆی لەخۆیدا بریتییه له پرۆسەیەکی عەقڵانیی ژیاری،که پەیوەسته به خودی مافی تاك له بەشداریکردنێکی کاریگەرانه بۆ دیاریکردنی چارەنووس و ئاییندەی خۆی،هەر لەبەر ئەوەیه که بەهیچ شێوەیەك ناکرێ پرۆسەی هەڵبژاردن له هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی جودا بکرێتەوە



پێویستیشە کە بانگەشەکردنی کاندید و لیستەکان بخرێتە خزمەتی ئەم هۆشیارییە و لە چەواشەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بابەتەکانیان دووركەوێتەوە.

بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەرد بەردی بناغەی سیستەمی دیموکراسییە، نەك هەر ئەمە، بەڵکو هەموو قۆناغەکانی دیکەی دیموکراسی کە بەم چەمکەوە بەستراونەتەوە. جا ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا ئەنجام بدرێت، وەك ئەو هەڵبژاردنە بێگەردەی کە لە٢١ ئەم مانگەدا لە سەروبەندی ئامادەکاریی بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بەڕێوە چوو و مەبەستیش لە هەڵبژاردن ئامادەباشیی نەتەوەیەکی ستەمدیدە و چەوساوە بێت بە هیواو ئومێدی پەڕینەوە بەرەو فەزای سەربەخۆیی و رزگار بوون لە ژێردەستی، بێگومان ئەم جۆرە هەڵبژاردنە وەچەرخانێکی مێژوویی دەبێت، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکان، بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیونی دوێنێشەوە، ئەو حیسابەی بۆ بکەن و خۆیان بە زیادەی کورسییەك یا دووان سەرقاڵ نەکەن.

دیارە ئەم زێدە هەستیاری و گرژییە لە پێناو زێدە بوونی کورسیی لیستەکان، کە هیچ هەستیاری و پەرۆشییەکی لێ نابیندرێ بۆ بە دیهێنانی مەبەستی مێژوویی ئەم پرۆسەیە، زەنگێکی مەترسیدارە و ئاسۆیەکی کراوەتر بۆ ئایندەی میللەتی کورد دەشێوێنێ.

دەبێ هەموو لایەك،لەم هەلومەرجە هەستیارەی کوردستاندا، هەڵگری خەمی یەکڕیزیی کورد بێت و بەرەو سەربەخۆیی ئیرادەی کورد بڕوات کە بێگانە جارێکی دی نەتوانێت زەفەری پێببات و ئەو ئیرادە ئازادەی سەدان ساڵە کۆششی بۆ دەکات زەفتی بکاتەوە. ئەوەش بەوە دەکرێت کە هەموو لا بەشدار بن لە حکومەتی ئاییندەدا، یا خود لە بەرپرسیارێتیدا هەماهەنگ بن. ئەم بارە قورسە بە تەنیا بەلایەك هەڵناگیرێت، پێویستە تایبەتمەندیی رەوشی کوردستانی بێ دەوڵەت، حسابی جددی بۆ بکرێت، ناکرێ هەرچی لە سیستەمی دیموکراسی دەوڵەتانی سەقامگیر ڕوو دەدات کۆپی بکەین و بەمەش ئەزموونی کوردستان بە بکەینە قوربانی خەڵکی دی.

ئایا دەبێ چ نرخێك بە هەڵبژاردنێك بدرێت ئەگەر یەکڕیزییمان بشێوێنێ و ئازادیی کورد مسۆگەر نەکات؟

ئایا، دەبێ چ نرخێك بدرێت بە هەڵبژاردنێك کە ئاکامەکەی تەنیاو تەنیا گۆڕینی دەموچاوی نوێنەرەکان بێت؟

بەڵێ، من هیچ گومانم نییە لەوەی کە سەرۆکی لیستەکان و کاندیدە بەڕێزەکانیان بە تەواوی هەست بە هەستیاریی جیۆپۆلەتیکی ئێستای کوردستان دەکەن، هەروەها هەستیش بەوە دەکەن کە زەروورە هەنگاوی تازەی پڕ جورئەت و شکۆمەندیی بەرەو دیفاکتۆیەکی دیکە بهاوێژن کە کوردستان بەرەو دەروازەی سەربەخۆیی وسەروەری ببات.بەڵام دیاردەی خۆ خەریك کردن بە هەڵدانەوەی لاپەڕە تاریك و شوومە دڕاوەکانی پێشوو، کە ئەو کات کوردستان لە هەلومەرجێکی دیکەدا بوو، شایەن و کاری هیچ لایەنێك نییە و نابێ بێن کۆنە کا بە با بکەن،ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو تەنیا ڕێگای هەموو لایەکیان سەختتر دەکات،کەچی بە زەرورەتەوە،دەبێت هەمو هێزەکانیان بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە تەرخان بکەن. بەڵام، رۆشنبیر و بیرمەندان و ئەکادیمیەکانی چاودێر و هەموو ئەو خەڵکەی بە هەستیاریی تایبەتەوە دەڕواننە ئەم ئەزموونە، بەرامبەر ئەو دیاردەیەی باسمانکرد نیگەرانن، ئومێدەوارن ئەم قۆناغە هەستیارە کۆتایی پێ بێت.

لەکاتێکدا ئێمە بەو ئاسۆیە ڕوونەی کە لە پێشمانە شاگەشکەین،دەبێ وەفاداری و ئەمەکداریی خۆمان هەمیشە بۆ پێشمەرگەی کوردستان و کاروانی شەهیدە سەروەرەکان، بە ڕابەرێتیی مەلا مستەفای بارزانی دووپات بکەینەوە، کە ئەم ڕێگە سەختەیان بڕی بۆ بە دیهێنانی دەوڵەتی دیفاکتۆی ئەمڕۆ و هەموو لا بە پێشکەوتنێکی دی بەرەو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، پابەند بین.

خودی سروشت قابیلی سکون نییە، هەمیشە لە جووڵەدایە، مرۆڤیش بەشێکە لە سروشت دیالەکتیکی ژیان ناچاری دەکات کە هەردەم لە گۆڕاندابیت، هەر بۆیەش دەستاو دەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتیی ڕاستەوخۆی نهێنی و ئازاد ترە لە پرەنسیپێکی دیکەی بنەڕەتیی سیستەمی دیموکراسییە، بۆیە دەبێ هەموو لایەنەکان پابەند و ملکەچی ئاکامەکانی بن، چونکە هەر وەکو گوتمان: هەڵبژاردن پرۆسەیەکی عەقلانییە کە نەخشە بۆ سیستەمی ئاییندەی چوار ساڵەی هەر میللەتێك دادەنێت لە هەمو کایەکانی ژیانیدا .ئەمەش یەکڕیزی و هاوبەشی و هەماهەنگی دادوەرانەی دەوێ.

بەڵام ئایا توانا هەیە ئاسۆیەکەمان ڕووناکتر بکەین؟ خوا یار بێ دەیکەین.

*** سەرۆکی کۆربەندی هزری ئیسلامی**

**هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەرد بەردی بناغەی سیستەمی دیموکراسییە، نەک هەر ئەمە، بەڵکو هەموو قۆناغەکانی دیکەی دیموکراسی بەم چەمکەوە بەستراونەتەوە**

**خودی سروشت قابیلی سکون نییە، هەمیشە لە جووڵەدایە، مرۆڤیش بەشێکە لە سروشت دیالەکتیکی ژیان ناچاری دەکات کە هەردەم لە گۆڕاندابیت، هەر بۆیەش دەستاو دەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردنی گشتیی پرەنسیپێکی دیکەی بنەڕەتیی سیستەمی دیموکراسییە**



# پێویستە پارتی
# بە بارتەقای بردنەوە ئەخلاقییەکەی
# بکرێتەوە بەسەر کۆمەڵگادا

ڕێبوار سیوەیلی بۆ گوڵان:

## هێندەی بردنەوەو یەکەمێتیی ئاکاریانەی پارتی سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەندە بردنەوەی ژمارەیی و ڕێژەیی پارتی سەرنجم ڕاناکێشێت



**نووسەر و رووناکبیر ڕێبوار سیوەیلی یەکێکە لەو رۆشنبیرانەی کە لەسەر هەموو پرس و رووداوێک خوێندنەوەی تایبەتی و قسەی خۆی هەیە، ئەو هەمیشە بەچاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری پێشهات و رووداوەکان دەکات و بە دیدێکی واقعیبینانە کۆی هاوکێشەکە دەخوێنێتەوە و رای خۆی لەسەریان دەردەبڕێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەم کەسایەتییە رۆشنبیرە بتوانێت لە یەک کاتدا (لەگەڵ و دژ)ـەکەی هایدگەر لە بۆچوونەکانیدا کۆبکاتەوە، ئەو راستە خوێندنەوەی رەخنەیی هەیە، بەڵام خوێندنەوەی رەخنەیی سیوەیلی بە باش دەڵێت باش و بە خراپ دەڵێت خراپ، دەستنیشانکردنی هەردوو لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێتی لەیەک دەقی نووسینەکانیدا بە ئاشکرا دەردەکەون، ئەوجا بۆ خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی کۆی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و هەڵسەنگاندنی ئەدای حزبە سیاسییەکان و ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز ڕێبوار سیوەلی ئەنجامدا.**

**گوڵان:** پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە سەرەتای هەفتەی رابردوو بەڕێوە چوو، هەموو لایەنە سیاسییەکان بە پرۆسەیەکی چارەنووسساز لە قەڵەمیان دا، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەم پرۆسەیە تەنها بۆ حزبە سیاسیەکان چارەنووسساز بوو، یان بۆ هەرێمی کوردستان بەگشتی؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** واچاکە بەڕێزتان ئەوە بزانن هەڵوێستی من لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی بانگەشەکە ڕەخنەگرانە بوو، ئەمەشم لە چەند وتار و چاوپێکەوتنێکدا نووسی و کۆی لایەنەکانم لە ئاست چۆنێتی هەڵمەتەکەدا مەحکوم کرد. بەڵام هەڵوێستی من لە سەر هەڵبژاردنەکە و ڕۆژی دەنگدانەکە زۆر باش کەوتەوە. هەرچەندە بەشێکی زۆری حزبەکان و هەروەها ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنەکەش بەو ئاراستەیەدا بوو، کە هەر لایەنە زیاتر بانگەشە بۆ سێمبوول و مێژوو و شەهیدان و پێشینەی تایبەتی خۆیان بکەن و ئەمەش پابەندێتی ئەوان بە ئایدیۆلۆژیاوە ڕووندەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا پرۆسەکە پرۆسەیەکی کوردستانی و لە نەوعی خۆی دەگمەن بوو، ئەویش بەهۆی باڵکێشانی گشتییانەی کەشێکی ئاشتەوایی، لەگەڵ ئەوەشدا چەند ڕووداوێکی ناخۆش ڕوویاندا و توندوتیژیشی لێکەوتەوە.

ئەم پرۆسەیە بۆ کوردستان لە سێ ئاستدا چارەنووسسازبوو. کە هەمیشە دەتوانین بە ئاراستەی یەکێتیی نەتەوەیی و (پڕۆژە گەورەکە)دا سوودی لێوەربگرین و لەسەرییەوە ڕوانگەی چاوەڕوانیمان لە زلهێزەکان بۆ پشتگیریی لە دەوڵەتسازی، بگۆڕین بۆ متمانە بەخۆکردن و یەکبوونی نەتەوەیی. ئەو سێ ئاستەش کە چارەنووسسازیی پرۆسەکە دەردەخەن بریتین لە ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێونەتەوەیی.

لەسەر ئاستی یەکەمیان بۆ یەکەمجارە هەر ئەو هێزانەی خۆیان وەدیهێنەر و بکەر و ئەندازیاری شەڕی ناوخۆیی بوون، چوونە ناو کێبڕکێیەکی دیموکراتیکەوە و تا ئەندازەیەکی زۆر سایکۆلۆژیا و قەهری شەڕی نێوخۆییان ڕەتکرد و کەوتنە ململانێی سیاسیی یەکترەوە، کە بەبڕوای من ڕاگەیاندنیشیان بۆ قەبووڵکردنی ئەنجامە هەرچۆنییەکانی هەڵبژاردن جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکاتەوە. لەم ئاستەدا، ئەم هەڵبژاردنە لەجیاتی ئەوە پەرتیان بکات و هەریەکەیان بیر لە لۆژیکی هێزبکەنەوە، بە لۆژیکی ئاشتی و ڕوانگەی داهاتوویییەوە بۆ وڵاتەکە بیریان کردەوە و ئەمەش یەکەم وەڵامدانەوەی ڕێزدارانەی هەموو لایەنەکان بوو بۆ بەشداریی خەڵك. کاریگەریی ئەمە و دەستپێوەگرتنی و خۆکۆنترۆڵکردنی لایەنەکان لە ئاست هەر گرژییەکی پێشبینیکراوی لەمەودوا، لە ئاستی جڤات و خەباتی نەتەوەییدا کاریگەریی خۆی زۆر دەبێت و بە ئاشکرا ژیلەمۆی کوردبوون و هیوا و خەونی کوردیانە زیندوودەکاتەوە. بۆیە ئەم پرۆسەیە هاندانێکی ئاشکرایشی پێوەیە بۆ کوردی بەشەکانیتر و کوردانی دەرەوەش، کە درێژە بە خەباتی ئاشتیانە و دیموکراتیك بدەن و لەو ڕێگەیەوە مافەکانی خۆیان بەدەستبهێنن.

لە ئاستی ئیقیلیمیدا کوردەکان توانیان بەم پرۆسەیە پیشانی

زۆرینەی وڵاتە بە میرات دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکەی بدەن، کە دەکرێ شۆڕش بە شێوازی دیکە روو بدات بەبێ ئەوەی هەمیشە بەرهەمهێنەری فەندەمەنتاڵیزم و توندڕەوی سیاسیی و ئایدیۆلۆژی بێت. هەروەها غرووریی نەتەوە سەردەستەکانی بەلای ئاشتیخوازیی کوردەکاندا ڕاکێشا و ئەو تەمە قورسەی ڕەواندەوە، کە وێنای ئەوانی بە هۆی ئایدیۆلۆژیە دەمارگیرە حاکمە مێژوویەکان لەسەر کورد، پێکهێنابوو. لەو وێنایەدا کوردەکان وەك مەترسییەك بۆ سەر ئاشتەوایی گەلانی ناوچەکە هێنرابوونە پێشچاو و ئەمەش هاوکات بە ناهوشیارییەکی بەربڵاو لەسەر کوردەکان کە هەر ئەو دەوڵەتانە بڵاویان دەکردەوە. ئەم هەڵبژاردنە کوردەکانی وەك (نەتەوەی دەرفەت) خستە روو نەك (نەتەوەی هەلقۆستنەوە) و خاوەن نیەتی ژێربەژێر. بۆیە ئێستا ڕای گشتیی گەلانی ناوچەکە و خۆزگە خواستنیان بە کوردەکان بە ئاشکرا دیارە. ئەم پرۆسەیە دەرفەتێکی چاك بە کۆمەڵگای مەدەنیی و هاوڵاتیانی ئازادیخوازیی هاوسێی کوردستان لە فارس و تورك و عەرەبەکان دەدات، تا بیکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی دەوڵەتەکانیان بیروڕای ئایدیۆلۆژیکسەنتەری خۆیان لەسەر خەباتی کوردەکانی ژێر چەپۆکیان بگۆڕن بۆ بیروڕایەکی مرۆییتر و کێشەکانیان بە شێوەی دیموکراتیانە و لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆوە لەگەڵ چارەسەر بکەن و لەهەر هەنگاوێکدا کە دەینێن بۆ دیموکراتیزەکردنی سیستەم و کۆمەڵگاکانیان، بەشداریی کارای کوردەکانیان بیر نەچێت.

لە ئاستی نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییشدا، ئەم پرۆسەیە نرخی کاڵاو لۆگۆ و ڕەمزییەتی کوردەکانی بەرزکردەوە و لە داهاتووی پەیوەندیی کوردەکان و جیهانی گلۆباڵ و مەحفەلی سیاسی و کولتووری و مەعنەویدا، بەتەواوی هەست بەمە دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی ئەم پرۆسەیە وەرەقەیەکی باشی دایە دەست کوردانی هەندەران و چالاکوانانی کورد و دۆستەکانیان، تا بەهۆیەوە لە گەمەی ناوخۆیی ئەو وڵاتانەدا بە قازانجی کوردستان بەشداریی بکەن و ڕێژەی لەخۆڕازیبوونیان وەك کوردێك، ببەنەسەری و بایی ئەوەش حورمەت و پشتگیریی بۆ کێشەی کورد لە جیهاندا بەدەست بهێنن. لێرەشەوە دەمەوێت بڵێم سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، لە ڕوانگەی منەوە، نەك هەر تەنیا سەرکەوتنکی لایەنە براوەکانی کایەی سیاسیی نییە، بەڵکو سەرکەوتنی هەموو تاکێکی کوردە لە گشت جیهاندا، بەوەی کە پرۆسەکە لە وڵاتی ئەواندا ڕوویداوە و هاوڵاتیانی کوردستانی بەهۆی فۆرمێکی خەباتی دیموکراتیکەوە، کە شێوازێکی مۆدێرن و چاوەڕوانکراوە لە میللەتان و ئەتنیکە ئازادیخوازەکانی ئەم وڵاتە، شوێندەستی خۆیان لە پرۆسەکەدا جێهێشتووە و کاریان بە مافیکی خۆیان بۆ ئاشکراکردنی ویستی خۆیان کردووە. هەروەها ئەم فۆرمە لە خەبات و بەشداریی کارای نەتەوە و ئەتنیك و ئاینزا کوردستانییەکان لە هەڵبژاردندا بەرەی لەژێر پێی ئەو گرووپە سیاسیانە دەرهێنا کە لەلای دەوڵەتانی ناوچەکە و بگرە لە ئەورووپاش کوردستان وەك شوێنێکی ئاسایش بۆ ئاینزا و گرووپە نەتەوەییە غەیرە کوردەکان ناناسێنن. بۆیە لە جیهانی دەرەوە تەرجەمەکردنی ئەم فۆرمە لە خەبات، زۆر ئاسانترە وەك ئەوەی لە سەردەمی شەڕی چەکداریدا دەبوو بیکەیت بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە چەك وەك ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئاشتەوایی و ئازادیی. ئەوکاتە ئەمە قورس بوو، چونکە لە ئەورووپا و وڵاتانی دیکە ئەم فۆرمەی خەبات بە چەك، بەهۆی ئامادەیی بیروڕا فەلسەفیی و مرۆڤدۆستی و لێبووردەخوازییەکانەوە، لە بنەمادا فۆرمێکی نا لۆژیکی بوو، لەکاتێکدا فۆرمی خەباتی دیموکراتێك فۆرمێکی قەبووڵکرا و ڕێزلێگیراوە. بەبڕوای من پێویستە لە هەنگاوەکانی لەمەودوامانداو هەرلایەن و دەستەیە لەلای خۆیەوە، ئەم سێ ڕوانگەیەی بیر نەچێت بۆ چونێتی پیناسەکردنی خۆی وەك کوردێك و کوردستانییەك.

**گوڵان:** لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا لەگەڵ ئەوەی هەڵمەتەکە زۆر گەرم و گوڕ بوو، بەڵام دەتوانین بڵێین بەسەرکەتوویی کۆتایی هات، بۆیە ئەگەر لەسەر ئەم خاڵە خویندنەوەیەك بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بکەین، ئایا بەڕێزت چۆن سەیری هەڵمەتکانی هەڵبژاردنت کرد؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** لە ڕاستیدا من هەر لەسەرەتاوە و لە دەستنیشانکردنی هەندێ لە کاندیدەکانەوە و ئەو پێوەرانەی کاندیدکرابوون سەرنجم هەبوو تا دەسپێکردن و ئەنجامدانی هەڵمەتەکە. شێوازی هەڵمەتەکە زۆر پیاوسالارانە و نا ئیستاتیکی بوو، ڕەچاوی لایەنی پەروەردەیی هەڵمەتەکە و لایەنی تەندروستانەی نەکرابوو، دەکرا هەڵمەتێکی وا بکرێتە کەرنەڤاڵێکی کولتووری و تێیدا هەر لایەنەو هەر کاندیدە بیقۆزێتەوە بۆ نمایشکردنی ڕەنگاڵەیی و ئیستاتیکیانەی کوردستان. زۆر بەکەمی جلوبەرگی کوردیان دەپۆشی و زۆربەیان بە قات و بۆینباخی دوامۆدێلەوە دەردەکەوتن. ئەمەش کاریگەریی دیداریانەی خۆی لەسەر هەڵبژێرەر هەیە و جۆرێکە لە خۆ جیاکردنەوە و جودایی زەوقی و جوانیناسیانە لە عاممەی خەڵك. لە ڕووی پەروەردەییەوە هەموو لایەنەکان ڕووی پەیامیان کردە مرۆڤی پێگەیشتوو و (هەڵبژێرسەنتەرانە) کاریان کرد و بەمەش منداڵ و ئەوانەیان بیر کرد، کە مافی دەنگدانیان نەبوو، یان هەر دەنگیان نەدەدا. خاشاك و زبڵی زۆر بەرهەمهات و گوێ نەدرا بە ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆن لە بەکارنەهێنانی شوێنەگشتیەکان و هتد. ڕۆحی میواندۆستی و ئەویترویستی بە هەڵمەتەکەوە دیار نەبوو. پەروەردەی دەروونحزبی نەك نەتەوەیی بە شێوازی ڕەفتاری بانگەشەکەران و لایەنگرانیانەوە دیار بوو. کەس باسی کوردی بەشەکانیتر، یان مافی مرۆڤ و بێگانەکانی نەکرد، زۆرکەم باسی سێمبوولە نەتەوەیی و مێژووییەکان کرا،. کەس لەو ماوەیەدا سەردانی کەمپی ئاوارە کوردەکانی نەکرد. زۆرکەم باسی مافی ژنان و لابردنی چەوساندنەوە لەسەر ژنان منداڵانیان کرد و کەمترین جار وشەکانی وەك

**هێندەی بردنەوەو یەکەمێتیی ئاکاریانەی پارتی سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەندە بردنەوەی ژمارەیی و ڕێژەیی پارتی سەرنجم ڕاناکێشێت، پێویستە پارتی بە بارتەقای بردنەوە ئەخلاقییەکەی بکرێتەوە بەسەر کۆمەڵگادا و هەست بەو ئەرکە گەورەیە بکات کە لێرە بەدواوە دەکەوێتە ئەستۆی**



**پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمجارە لە سێ ئاستدا چارەنووسسازبوو. کە هەمیشە ئەتوانین بە ئاراستەی یەکێتیی نەتەوەیی و (پڕۆژە گەورەکە)دا سوودی لێوەربگرین و لەسەرییەوە ڕوانگەی چاوەڕوانیمان لە زلهێزەکان بۆ پشتگیریی لە دەوڵەتسازی، بگۆڕین بۆ متمانە بەخۆکردن و یەکبوونی نەتەوەیی**

لێبووردەیی، بەخشین، هاوکاری، خۆشەویستی، دۆستی و هاوچەشنویستی و ناتوندوتیژی و هاوشێوەی ئەم چەمکانەمان گوێ لێبوو..

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەمە سەرەتاکانی پرۆڤەکردنە لەسەر دیموکراسیەت، دیموکراسیەتیش پێش ئەوەی ئەتەکێتی سیاسیی بێت، کولتوورێکی تاکەکەسی و شێوازێکی خۆسەلماندنە لە پانتایی گشتیدا. دیموکراسییەت وەك کولتوورێك، بریتیە لە ئازادکردنی (خود)ی تاکەکەس لە (ئێمە)ی گشتی و عامیی. دەنگیی تاکەکەسە لە دەرەوەی هەڵاوزەنای ئاپۆرە، ئەمەش لە کوردستانێکی وەکئەوەی ئێمەدا کاتی دەوێت تاکو ئەم تێگەیشتنە لە دیموکراسیەت وەك بەرجەستەکەری ئیرادەی تاك لە گەیشتنیدا بە ئازادی، جێی خۆی بگرێت. هەرچەندە کولتووری دیموکراسیەت زۆر کۆنە و سەرەتاکەی لە هێندستانی دێرین و یۆنانەوە دەستپێدەکات، بەڵام لە هەموو شوێنێك پێشێلکاریی بنەما دیموکراتیەکان هەیە، ئەمەش پەیوەندیی هەیە بە ئاستی هۆشیاریی مرۆڤەوە. گەورەترین ناکۆك لەم هەڵمەتانەی ئێمەدا ئەوە بوو، کە ئامرازێك بەکار دەهێنیت بۆ گەیشتن بە ئامانجێك، کە پێچەوانەیەتی. پێویستە لە داهاتوودا ئەم ناکۆکە کەم بکەینەوە و نەیهێڵین. پێویستە هەڵمەتەکە پێچەوانەی ئامانجەکە و پێچەوانەی ئاکاری دیموکراتیانە نەبێت.

**گوڵان:** ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو لە پرۆسەی هەڵبژاردن ئاستی بەرزی بەشداریی خەڵك بوو لە دەنگدان، کە لەسەرووی لەسەدا حەفتا بوو، ئایا تاچەند ئاستی بەرزی بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی دەنگدان بۆ پرۆسەی دیموکراتی گرنگە؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** ڕاستە ئاستی بەشداریی بەرچاو بوو، بەڵام ئاستی بەشدارییەکردن و دەنگنەدانیش بەرز بوو. هەردوو بارودۆخەکە لە دیموکراسیدا ئاسایی و بگرە پێویستن. ڕاستە ئەو ڕێژەیە لە بەشداریی بەرز بوو، بەڵام لەوەش زیاتر بەشدارییکردن مەترسی بوو، چونکە ئەمە دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی دەنگیی بەدەستهاتوو بۆ لایەنێکی دیاریکرا و بۆی هەیە ئەمەش شوناسی زۆرینەی ڕەها بداتە لایەنەکە و زۆرینەی ڕەهاش مەترسیەکەی ئەوە دەبێت کە خۆی لەسەرووی هەر هاوکاری و پێویستیبوون بە ئەوانیتر دەبینێ و بێمننەت دەبێت لە بەشداریی پێکردنی ئەوانیتری جیاوازە بیردا. دەنگنەدانیش مافێکی دیموکراسییەتە و ناچێتە چوارچێوەی هیچ فۆرمێکی تانە و تەشەری ئەخلاقی، یان دەرەوەی یاسا و مافەوە، بۆیە لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا ئەم دوو ئاستەی زۆریی بەشداریکردن و زۆریی بەشدارییەکردن، هەمان بەهایان بۆ پرۆسەی دیموکراسییەت هەیە. هەر یەکەیان لە پێناسەی پرۆسەکەدا پێگەی خۆیان هەیە کە



**بەشداریکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان، بەدیارخەری هۆشیاریی بەزری ئەوانە بە بەهای دیموکراسییەت، بەڵام بەشدارینەکردنیش دیسانەوە هۆشیارییە بەرامبەر ئەو ئازادییەی لە دیموکراسییەتدا هەیە**

ناهێڵن تاکڕەهەندی سیاسیی بگاتە ئاستی ڕەهاییگەریی. بەشداریکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان، بەدیارخەری هۆشیاریی بەزری ئەوانە بە بەهای دیموکراسییەت، بەڵام بەشدارینەکردنیش دیسانەوە هوشیارییە بەرامبەر ئەو ئازادییەی لە دیموکراسییەتدا هەیە و ناهێڵێت ببێتە دیکتاتۆریەت و ملهووڕی.

**گوڵان:** پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی حزبی سەرەکیی دەسەڵات بوو، بەڵام پێنج ڕۆژ دوای دەستپێکردنی هەڵمەتەکان دەستی بە هەڵمەتەکانی خۆی کرد، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پارتیش، هەڵمەتیکی چڕو پڕ و سەرتاسەریی بوو، ئایا چۆن سەیری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پارتی دەکەیت؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** من هەرگیز لە هۆکاری خۆدواخستنی پارتی لە دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی تێنەگەیشتم و بەدوایشیدا نەچووم تا هۆکارەکەی بزانم. ئایا ئەمە بۆ خوێندنەوەی دەستی ئەوانیتر بوو، ئایا (تەرح)ی دانێ و لەخۆی دڵنیابوو، ئایا لە چاوەڕوانیی دەستی پرۆفێشناڵدا بوون، ئایا ناکۆکیی هەبوو..؟ من نازانم، بەڵام کاتێك دەستیکرد بە هەڵمەتەکانی، لەڕووی ئیستاتیکی و پەروەردەیی و ئاکارییەوە، ئەویش کۆی ئەو پێشیلکاریانەی ئەوانیتر ئەنجامیاندان، دەستی نەپاراست. شوێنی گشتی بەکارهێنا، بەرنامە تەرفیهی و تەندروستی و پەروەردەییەکانی لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە وەستاند. خاشاکی بەرهەمهێنا و کۆمەڵگای بیر چۆوە و تەنیا ڕوویکردە دەنگدەران و لایەنگرانی خۆی.

ئەگەر بەچاوێکی سۆسیۆلۆژی بڕوانینە شێوازی هەڵمەتەکانی پارتی دیموکرات، بە گشتی پرۆفێشناڵانەتر بوون. هەرچەندە ئەو دەنگانەی پارتی بەدەست هێناون زیاتر دەنگی لیستەکە و هەندێ کەسایەتی حزبەکەن، نەك کاندیدەکان و دەکرێ لەمەشدا بگوترێ کە پارتی لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیدا زۆر بە وردی حسابی بۆ کۆمەڵگەی دەنگدەران نەکردبوو.

بەڵام سەرکردەکانی ئەو حزبە وەك تیمێکی یەکدەست و یەکگرتوو، وڵاتەکەیان لە ڕووی جوگرافییەوە بەشکرد و لەزۆربەی دەڤەرەکان سادە و دۆستانە قسەیان بۆ خەڵك کرد. بە کاندیدەکانیان گوت پەیمان و مژدەی گەورە بەکەس مەدەن. داوایان لێکردن ڕێز لە لایەنگران و ئەوانیتری جیاوازەبیر بگرن و شێوازی ئیستیفزازی نەگرنە بەر و وەڵامی ئیستیفزازیی کەسیتریش نەدەنەوە. توندوتیژییان لە ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان قەدەخەکرد. زمان و پەیامیان ڕوون بوو، کەمتر کەوتنە جەنگی زمانی و شەڕەقسەوە و وەڵامدانەوەی لایەنەکانی کێبەڕکێکەرەوە. کاری خۆیان دەبردە پێش و ئەمەش لە ئاستی ئاکاریانەی پەیامەکانی

**ئەگەر بەچاوێکی سۆسیۆلۆژی بڕوانینە شێوازی هەڵمەتەکانی پارتی دیموکرات، بە گشتی پرۆفێشنالانەتر بوون**

**پارتی پیشانیدا ئەوان دەتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و سەرکردەکانیان دەتوانن قەناعەتی دەروونی بە خەڵکی خۆیان بکەن و بەمەش جەماوەرێکی مولتەزیمیان بە بنەما ئایدیۆلۆژیی و حزبییەکانی خۆیان ڕاهێنا**

ئەوانی بردە سەرێ و متمانەی خەڵکیان بەدەستهێنا..

لایەنگرانیان زۆر مولتەزیم بوون بە داواکاریی سەرکردەی خۆیانەوە و ئەو داواکارییە ئاکارییانە لەماوەیەکی کەم و بەهۆی دووبارە و چەند بارەکردنەوەیانەوە، دابەزینە خوارەوە. بەمەش پارتی توانی پیشانی بدات کە مەرجەع و نۆرمدارڕیژی خۆی هەیە و دەتوانن هەمیشە ناکۆکیە ناوخۆییەکانیان جێبهێڵن. جگە لەوەش پارتی پیشانیدا ئەوان دەتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و سەرکردەکانیان دەتوانن قەناعەتی دەروونی بە خەڵکی خۆیان بکەن و بەمەش جەماوەرێکی مولتەزیمیان بە بنەما ئایدیۆلۆژیی و حزبییەکانی خۆیان ڕاهێنا. گرنگیی ئەم ئیلتیزامە بۆ کۆمەڵگاش گرنگە، چونکە ئاشکرای دەکات کە ئەم حزبە کۆنترۆڵی دەروونیی خەڵکەکەی دەکات و ئەمەش بۆ زۆر حاڵەتیتر لە دەرەوەی سیاسەت و حزبایەتیش پێویستە. گریمان ئەمە هەڵمەتی کۆکردنەوەی خوێنبەخشین بێت بۆ تووشبووان بە نەخۆشی تالاسیما، یان هەڵمەتێکی نیشتیمانی بێت بۆ بەخشینی خوێن بە نەخۆشخانەکان، یان تیمێکی بەرگریی میللی بێت و لە کاتی ئاگرکەوتنەوە، لافاو، زەوی لەرزە و حزب داوایان لێدەکات هەرکەس لە شوێنی خۆیەوە بەهانای لێقەوماوانەوە بچێت. ڕەنگە ئەم یەکگرتووی و گونجانە بۆ لەمەودواش بەمەبەستی هەرەوەزیی و یارمەتیدانی هەژاران، پەنابەران و بێدەرەتانانیش سوودی گەورەی لێوەربگیرێت، بۆ نمونە پارتی دەتوانێت داوا لە لایەنگیرانی خۆی بکات کە بە هەمان شێوەی دەنگدانیان بە حزبەکەیان، سەرفیترە و زەکات و هتد بدەنە هەژارانی وڵات و بەو جۆرە ئابووری وڵات لێرە بمێنێتەوە. هەمان ئەم یەکگرتوویی و بەتەنگەوەهاتن و گونجانە دەروونییە بۆ هەر کارێکی هەرەوەزی دیکەش گرنگە.

پارتی ئەمەی چۆن دروستکردووە؟ بە پارەیە؟، بە هەڕەشەیە؟ یان بەهەر بەشێوازێکیتر، ئەمە بۆ من گرنگ نیە، ئەوەی گرنگە توانیویەتی لە شوێنی جیاواز، کە وردەکولتووری جیاواز و ئاستی ململانێی سیاسیی جیاواز هەیە، ئەو قەناعەتە لای لایەنگرانی خۆی دروست بکات و گونجانی کۆمەڵایەتی دروستبکات و ڕێژەکەش زیاد بکات وەك ئەوەی لە سلێمانی هەندێ شوێنیتر بینیمان.

لەلایەکیترەوە، پارتیەکان و بەتایبەتیش بنەماڵەی بارزانی بەو دەرکەوتنە چالاکانەیان لە پێناوی یەك ئامانجدا، وەڵامی زۆر لەو بانگەشانەیان دایەوە کە ئەوانی لە شێوەی دووبەرەکیی و ناکۆکییدا دەناساند. ڕاستە ئەوان هەموویان پێکەوە کەمتر دەرکەوتن، بەڵام ئامانجەکەیان هەمان شت بوو، کە دیارە ئەوەش نیشانەی ڕێککەوتنێکی پێشینە و گفتوگۆی پیشینە و بڕیاری پێشینەیە. وێڕای ئەوەش، ئەمانە خۆیان نەکردە خاوەنی ئەو قسە و جوێن و تیرۆری کەسیی و تەخوینەی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە هەموو لایەکەوە و بچووك و گەورە و منداڵیانی نەپاراست. لە پەنای ئەمەشدا، پارتیەکانی بنەماڵە کرانە ئامانجێك بۆ هێرشکردنە سەر کولتوور و کەرامەتی مرۆڤی ناوچەی بادینان و دەڤەری بارزان بەگشتی. کە ئەمە بۆ خۆی شتێکە دەبێت ڕەتیبکەینەوە و ڕقبوونەوە لە پارتی، یان بنەماڵە، نەکرێتە دەریچەیەك بۆ قسە گوتن بە هاووڵاتیان و کولتووری ناوچەکە، چونکە ئەمە شەرمەزاریی بەدواوەیە و جگە لە هێنانەدی ئامانجی دوژمنان چیتر ناگەیەنێ. بێجگە لە هەموو ئەمانە، ئەمجارەیان سەرکردە باڵاکانی پارتی، هەر لە سەرۆك و جێگرەکەیەوە تا پۆستەپاڵاکانیتر، چارەنووسی خۆیان نەدایە دەست ڕاگەیاندنەکەیان، کە زۆرجار و لەم بارودۆخە گرژانەدا ئەوان باجی ڕاگەیاندنەکەی خۆیان داوە. ئەم جارە هەم توانیان سنوورێك بۆ ڕاگەیاندنیان دابنێن و هەم ئەندامانی بنەماڵەش ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە خەڵکی هەرێمەکە بوون، کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەمە نمونەی دەگمەن بووە و پێویستە بیپارێزن. لەبەر ئەوە من هێندەی بردنەوەو یەکەمێتی ئاکاریانەی پارتی سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەندە بردنەوەی ژمارەیی و ڕێژەیی پارتی سەرنجم ڕاناکێشێت، چونکە هەمیشە بردنەوە ژمارەیی و ڕێژەییەکان کاتین و دەکرێ بە زۆر شێواز بە دەست بهێنرێن، بۆ نموونە بە ڕیشوە و پارە و مژدەی جۆربەجۆر و تەزویر، (با وای دابنێین هەندێ لەم شێوازانەش لەلایەن پارتییەوە تاقیکراونەتەوە)، بەڵام گونجانی بیروڕا، گوێڕایەڵی و متمانە، ڕێزگرتن لە داواکاریی مەرجەعی سیاسیی و سەرکردە، خۆکۆنترۆڵکردن و هتد. بە ئاسانی دروست نابن و نامێننەوە و ناپارێزرێن. ئەمەش وادەکات بڵێم پێویستە پارتی بە بارتەقای بردنەوە ئەخلاقییەکەی بکرێتەوە بەسەر کۆمەڵگادا و هەست بەو ئەرکە گەورەیە بکات کە لێرە بەدواوە دەکەویتە ئەستۆی و ئاستی چاوەڕوانیی لایەنگرانی خۆی و ئەوانەی بردۆتە سەرێ کە متمانەیان پێبەخشیوە. ئەمەش پەیوەندیی هەیە بە چۆنێتی مامەڵەی پارتیەکان لەگەڵ داهاتوو و لە موعادەلە سیاسیەکان و لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆندا، بەتایبەتیش گۆڕانخوازان..

**گوڵان:** ئەوەی دوای ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە جێگەی خۆشحاڵییە، تێکڕای لایەنە سیاسیەکان پابەندبوونی خۆیان بە ئاکامی دەنگدانەوە دەربڕیوە، ئەمەش مانای پرۆسەکە بەباشی بەڕێوە چووە و وەك کونسوڵخانە و چاودێرە نێودەوڵەتییەکانیش شاهیدی دەدەن، کە پرۆسەکە تارادەیەکی زۆر باش بە پاکی بەڕێوە چووە، ئایا تاچەند بۆ ئێستای کوردستان ئەنجامدانی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد گرنگە؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** بە بڕوای من نە قونسوڵخانە و نە چاودێرە نێودەوڵەتییەکان پێوەری پوختیی پرۆسەکە نین، چونکە ئەوان لە سەرنجدانیاندا بۆ پوختیی پرۆسەکە، تەماشای ڕێژەی سەرپێچی و تەزویر و هەندێ شتی تەکنیکی و ڕێنمایی پیشوەخت ئامادەکراو دەکەن، کە زۆریش گرنگن.، بەڵام بە بیروڕای من پێوەری پوختیی پرۆسەکە، خەڵکی کوردستان و ئەو هەستەیانە کە ئەوان پێیانوایە بە ئازادانە دەنگیان داوە

بەو قەوارە سیاسیەی ویستویانە دەنگیی پێبدەن، هەر بۆیەشە ژمارەیەك لەو هاووڵاتیانە بە شێوەیەکی نەرێتی لەسەر پارتی حساب بوون، بۆی هەیە دەنگیان بە گۆڕان دابێت، یان ئەوانەی لەناوچەی ئینتیخابی گۆڕانن و دەنگیان بە پارتی داوە، یان یەکێتی بووە و دەنگی بە گۆڕان داوە و بە پارتیی و ئیسلامیەکان و هتد. شوێنگۆڕکێیەکی ئایدیۆلۆژی ڕوویداوە و ئێستا هیچ لایەنێك ناتوانی ئیدیعا بکات کە فڵانە ناوچەی هەرێمەکە، تەنیا و پووخت بە هی ئەوان حساب دەکرێت. ڕێژەی جیاواز هەیە، بەڵام بۆ هەموانیش لە هەموو شوێنێ دەنگ هەبووە. وەلێ زۆر ڕاستە، من بە وتەی سەرکردەی حزبە سەرەکییەکان خۆشحاڵ بووم، کە پاش دەنگدان پیشکەشیان کرد و داوایان لەلایەنگرانی خۆیان کرد پابەندبن بە سەقامیگریی و ئاشتییەوە و ئەنجامەکانیان قبووڵ بێت. ئەمە متمانەیەکی زیاتری بەخشییە پرۆسەکە و پێگەیشتوویییەکی مێنتاڵیانەی سەرکردە تەقلیدیەکانی ئێمەی ئاشکرا کرد، کە دەتوانن بە شێوازێکی دیکە سیاسەت بکەن و بیر لە ئامرازیی تەقیلدیی بۆ درێژەدان بە دەسەڵات نەکەنەوە. ئەم قسەیەی ئەوان کردیان، پێشگیریی و ڕێگریش لە هەر دەستێوەردانێکی دەرەکییش دەکات بۆ گۆڕینی ئەنجامەکان.

**گوڵان:** ئەوانەی بە وردی سەیری ئەم پرۆسەیە دەکەن، مەزندەی ئەوە دەکەن ئەم پرۆسەیە جۆرێك گۆڕانکاری لە شێوازی ئاخاوتنی حزبەکان لەگەڵ یەکتری دروستکردووە، ئەمەش بەو مانایەی هەست دەکرێت ئامادەباشی هەیە بۆ ئەوەی پێکەوە کار بکەن و پێکەوە لە حکومەت بەشدار بن، بەڕێزت ئەم گۆڕانکارییە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** پێکەوە کارکردن هەر تەنیا پێکەوەبوونێکی فۆرماڵ نییە، بەڵکو پیشاندانی جەوهەرێکە بەهۆیەوە سرووشتی حوکمداریی خۆی بەرجەستە دەکات. گرنگترین شت بۆ پێکەوە کارکردن تێگەیشتن و ڕێزگرتن و کارکردنە لە پێناوی ئامانجەکانی حوکمڕانیدا، نەك ئەوەی هەموان هەمان شێوازی بەشداریکردن لە حوکمڕانیان هەبێت. بۆی هەیە شێوازەکانیان بۆ بەشداریی لە حوکمکردندا جیاواز بێت و هەر لایەنە جەخت لەسەر شێوازی خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە پێچەوانەی ئامانجی کۆی سیستەمی حوکمڕانیەکە نەبن، چونکە ئەمە وا دەکات هەر یەکە لەناو هەمان یەکەی حوکمداریدا لە ئاوازێك بخوێنێت و کەس لە پێگە و پۆستی خۆیدا خەتی ئەوانیتر نەخوێنێتەوە. سیاسەت لە حوکمڕانیدا ئاستێکی بەرزتری سیاسەتکردنە لەچاو حزبدا، بۆیە زۆرگرنگە ئەوانەی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە حوکمدا ئامادە دەکەن، کاسکێتی حزب بخەنە لاوە و تەکنۆکراتیانە بیر لە سیاسەت بکەنەوە و یادەوەریی و مێژووی حزبیی و ئایدیۆلۆژیی نەبەنە ناو ئەو پێگە و پۆستانەی وەریدەگرن.

حکومەت یەکەیەکی گەورەی گونجانی جیاوازییەکانە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و سیستەمەکانی. کاتێك تۆ دەچیتە سیستەمی حوکمڕانییەوە، پێویستە زۆرترین هەوڵ بدەیت بۆ سەرخستنی سیستەمەکە بەگشتی، نەك مەرامە سیاسیی و ئایدیۆلۆژییەکانی خۆت و لایەنەکەت. من لە ئێستادا نامەوێت هیچ پێشبینیەکی خراپم بۆ لایەنە بەشداربووەکانی ئەمجارەی حکومەتدا هەبێت، چونکە هەموو لایەنەکان لەوە بە هووشیارتر دەبینم کە بیریان بچێتەوە بۆ دەیانەوێت بەشداریی لە حوکمدا بکەن، لەبەر ئەوەی لە مانای وشەی بەشداریدا چەمکەکانی گونجان و هاوکاری و گیانی لێبووردەییش لە پێناوی هاوئامانجیدا، ئامادەییان هەیە.

**گوڵان:** هەندێك پێیانوایە ئاکامی هەڵبژاردن هاوکێشەی هاوپەیمانییەکان دەگۆڕێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، ئایا بە ڕای تۆ وەك ڕۆشنبیرێك چۆن سەیری ئەو گۆڕانکارییە دەکەیت؟ ئایا گۆڕینی هاوپەیمانیەکان تاچەند بۆ ئەم قۆناخە خزمەتی خەڵك دەکات؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** ئەمە شتێکی ئاساییە و بۆچوونە سیاسیە ناکۆك و دژوارەکان بۆ هەمیشە وەك خۆیان نامێننەوە. هاوپەیمانیی سیاسی، بەپێچەوانەی گرێبەستی هاوسەرگیریی لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، گرێبەستێکی داخراو نییە و کراوەیە بە ڕووی هەر لایەنێکی تردا کە دەیەوێت بەپێی مەبدەئی هاوئامانجی بێتە هاوپەیمانێتیەکەوە. کۆمەڵگای ئێمەش چیدی ئەو کۆمەڵگا عەشایەرییە نییە کە نەتوانرێ تێگەیشتنێکی نوێ بۆ هاوپەیمانێتی بهێنرێتە کایەوە. لە کۆمەڵگای تەقلیدیدا هاوپەیمانێتی هەمیشە نەسەبیە زیاتر لەوەی هۆکارمەند بێت، بەڵام لە ئێستادا ئاساییە هۆکارمەندی ببێتە هێنانەکایەی گرێبەستی هاوپەیمانێتی،. لەمەشدا هۆشیاریی سیاسی و بەرژەوەندیی گشتی و خەونی بیناکردن و تەئمینکردنی داهاتوو، ئەو هاندەرانەن کە هاوکێشەکانی هاوپەیمانێتی دەگۆڕن. کات و ئەزموونیش لەمەدا ڕۆڵێکی زۆر باشیان هەیە و بوار بۆ گۆڕانکارییە میزاجی و مێنتاڵیتی و سایکۆلۆژییەکانی بکەرە سیاسییە جیاوازەکان دەڕەخسێنێت تاکو بتوانن بەخۆیاندا بچنەوە، من ئەم ڕاستییەم لە پەیوەندیی ئەو ئەندام پەرلەمان و کەسانەدا بینیوە کە پێکەوە کاریان کردووە و لە میانەی کار و ئەرکدا یەکتریان باشتر ناسیوە، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت گۆڕینی هاوپەیمانێتی پێویستە لەسەر بنەمای ئینتیماوە بێت بۆ ئامانجەکانی حوکمڕانی نەك سەپاندنی شێوازی حوکمکردن. ئەگەر جیاوازیمان لە نێوان ئەم دوو تێگەیشتنەدا کرد و بووینە هاوپەیمانی هاوئامانج، ئەوە شێوازێشمان جیاواز بێت، ئاساییە، بەمەرجێ ڕێگریی بۆ یەکتر درووست نەکەین و ئەمەش بۆ کۆمەڵگاکەمان زۆر بە سوودە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتیانە هاوکاتیش بن بە پلووراڵیزمی سیاسی و فرەیی لە بۆچووندا..

**گوڵان:** لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگی یەکەمی هێناوە، بێگومان پارتی حکومەت بە هاوپەیمانی

**بە وتەی سەرکردەی حزبە سەرەکییەکان خۆشحاڵ بووم، کە پاش دەنگدان پیشکەشیان کرد و داوایان لەلایەنگرانی خۆیان کرد پابەندبن بە سەقامیگریی و ئاشتییەوە و ئەنجامەکانیان قەبووڵ بێت**

**زۆرگرنگە ئەوانەی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە حوکمدا ئامادە دەکەن، کاسکێتی حزب بخەنە لاوە و تەکنۆکراتیانە بیر لە سیاسەت بکەنەوە و یادەوەریی و مێژووی حزبیی و ئایدیۆلۆژیی نەبەنە ناو ئەو پێگە و پۆستانەی وەریدەگرن**

لایەنەکان پێکدەهێنێت و، بەپێی هەندێك سەرچاوەش کاندیدی پارتی بۆ سەرۆك وەزیران، هەر بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە، ئایا بەڕای بەڕێزت پێویستە ئەولەویەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە کابینەی هەشتەم چۆن بێت؟ خۆت چاوەڕوانی چیی لێدەکەیت؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** لە ئێستادا نێچیرڤان بارزانی لە پێگەی سەرۆکی حکومەتێکی یەکگرتوودا، کەسایەتیەکی بێنموونەیە. ئەو جگە لەوەی گەنج و لە ڕووی فیزییکەوە بە توانایە، ئەزموونێکی باش و دەوڵەمەندیشی لە ناوخۆ و لە ئاستی دیپلۆماتێکیدا هەیە. ئەمە جگە لەوەی کەسایەتییەکی کراوەیە و لە حوکمی پێشینەوە بڕیارنادات و هێمنییەکی تایبەت بە خۆیشی هەیە، کە دواجار کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانی دادەنێت. ئەو لەلای کەسایەتی و لایەن و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنەکانیش ڕێزلێگیراوە و پەیوەندیی فراوان و دۆستانەی لەگەڵیان هەیە. پاشان ساڵەهایە خەریکی چەند پرۆژەیەکی نیشتیمانییە و دەبێت لە ئێستادا ڕێگریی لە تەواوکردنیان نەگیرێت، بۆیە کاندیدکردنەوەی ئەو هیچ ناڕەزاییەکی ناوخۆیی پارتی و لاینەکانیتریشی بە دوادا نایەت. نێچیرڤان بارزانی لە ساڵانی ڕابردوودا، وێڕای ئەو ڕێگیریانەی لەبەردەمیدا هەبوون، وەك دوو ئیدارەیی و ململانێی حزب لە حکومەت و ململانێی کۆن و نوێ و هەروەها وێڕای ئەو ڕەخنە توندانەی لێی گیراون، توانیویەتی چەند ئاستێکی کەسایەتیی خۆی بەرجەستە بکات کە جێی دڵخۆشین. لە ڕووی دیپلۆماسییەوە، لە ڕووی ڕۆشنبیری و قەبووڵکردنی جیاوازیی و کرانەوەیەوە، لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان هەرێم و بەغدا و بێدەنگکردنی وڵاتانی هاوسێوە، لە شوێنێکەوە کە زۆر دژی ئەم هەرێمە بوون، بۆ شوێنێ کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەمانە هەموویان خاڵە باش و بەهێزەکانی ئەم کەسایەتیەن.

بۆیە چاوەڕوانیی من لێیان ئەوەیە لەم حکومەتە نوێیەدا نێگای خۆی بگوێزێتەوە بۆ کەمکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان لە هەژاری و ناعەدالەتی، چاککردنی سیستەمی پەروەردە، سیستەمی تەندروستی، پیادەکردنی شەفافییەتی حوکمڕانی، ئازادیی زیاتری ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن، گرنگیدانی زیاتر بە مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتیش سنووردانان بۆ چەوساندنەوە و ستەم لەسەر ژنان و منداڵان. گێڕانەوەی ڕێز بۆ کەرامەتی کوردی بەشەکانیتر لەڕووی یاسایی و مافەوە. سنووردانان بۆ توندوتیژی بەناوی ئایین و نەرێت و کوردایەتیەوە، ژینگەپارێزی و مافی ئاژەڵان، و بەردەوامی بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و کەمکردنەوەی تەرکیز لەسەرشارە سەنتەریەکان و کەمکردنەوەی جیاوازییە ئەفغانییەکانی نێوان دەڤەرەکان و شارە گەورەکان. گرنگیدان بە گەشتوگوزار و ئاوەدانکردنەوە. ئاوڕدانەوە لە گرووپە پەراوێزییەکان و خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان. سنووردانان بۆ سەرمایەگوزاری ساختە لە بواری پەروەردە و لێپێچینەوە لە قوتابخانەو زانکۆ و خەستەخانە قازانجویستەکان. بیناکردنەوەی ڕۆحیانەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و چاپ و کتێب و بەتایبەتی بۆ منداڵان. یارمەتیدانی حزبە بچووکەکان و لایەنە سیاسییە کوردیەکانی بەشەکانیتر و هتد. بە کورتی من چاوەڕوانیم ئەوەیە نێچیرڤان بارزانی بتوانێت لەم دەورەیەی حوکمڕانیدا، سیمای حکومەتی هەرێم لە یەکەیەکی لۆکاڵیی حوکمکردنەوە بگۆڕێت بە یەکەیەکی نەتەوەیی حوکمکردن و بۆن و بەرامەی کوردیان بە کۆمەڵگا ببەخشێتەوە، چونکە لە ئێستادا شوناسی کوردیانە و کوردستانیانەی وڵاتی ئێمە لە مەترسیدایە و کوردەکان هەست بە نامۆیی و بەخۆنامۆبوونێکی کوشندە دەکەن..

**گولان:** ئێستا حزبە سیاسییەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازی دیکە، کە ئەویش هەڵبژاردنی پارێزگاکانە، ئایا تاچەند سەرکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمان، زەمینەیەکە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانیش بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بچیت؟

**ڕێبوار سیوەیلی:** بە بڕوای من زۆرگرنگە ئەو هەڵانەی لەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەدا کران، دووبارە نەبنەوە، کاندیدەکان خاوەن کەسایەتیی مەعنەوی بن، ڕەچاوی ڕێنماییەکانی هەڵبژاردن بکرێت. هەروەها ئەو وانە باشانەی لێرەوە فێریان بووین، جێی سوود بن، شێوازی هەڵبژاردنەکە پێچەوانەی ئامانجەکانی نەبن. ئەوەمان لەبیر بێت، کێ هەڵبژێردرێت، نوێنەرایەتی لایەنەکەی دەکات لە خزمەتکردندا بە کۆمەڵگا و گشت چین و توێژەکان. خۆ بەدوورگرتن لە توندوتیژی و هەڵگێڕانەوەی هەڵبژاردن بۆ کەرنەڤاڵێکی کولتووری و نەتەوەیی. لە ئاستی نەتەوەییدا هەردوو هەڵبژاردنەکان پێکەوە گرێدراون و چارەنووسیان یەکە. سیاسەت دوولەت ناکرێت و سیاسەتێکی هاوکارانەی و هاوپەیمانانەی پەرلەمانیت هەبێت و یەکێکی پێچەوانەی ئەمە لە ئەنجومەنی شارەکان. شار و پارێزگاکان یەکەی گرنگیی سیاسی و ئیداری و کولتووریی و جوگرافیایی وڵاتەکەمانن، ئەنجومەنی شارەکان لە ڕووی مێژووییەوە فۆرمێکی هاوکاریکردنی نزیکن لە خەڵکەوە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی ڕۆژانەوە هەیە. لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤگەلێکی دانا و ئاگا بە ژیانی خەڵك لەوێ دابنرێن کە توانای بڕیاردان و نوێنەرایەتیکردنی شارۆمەندانیان هەیە. شاری ئێمە لە ڕووی شارناسی و شارسازییەوە، لەسەرەتای گەشەی خۆیاندان، شار شوێنێکی گرنگی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی و خۆشوێستن و پابەندبوونە بە شوێنەوە. مرۆڤ لە شاردا شوناسی خۆی چێدەکات و هەستەکانی خۆی پەروەردە دەکات بەتایبەتی هەستی وابەستەبوون بە شوێنەوە. بۆیە پێویستە لەم ڕوانگانەوە حزب و لایەنەکان گرنگییەکی زۆر زیاتر بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەکان لەسەر بنەمای شارەزایی و توانایی کاندیدەکانەوە بدەن، نەك ئینتیمای سیاسیی.

هاوپەیمانیی سیاسی، بە پێچەوانەی گرێبەستی هاوسەرگیریی لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، گرێبەستێکی داخراو نییە و کراوەیە بە ڕووی هەر لایەنێکی تردا کە دەیەوێت بە پێی مەبدەئی هاوئامانجی بێتە هاوپەیمانێتییەکەوە

ڕێبوار سیوەیلی:


# نێچیرڤان بارزانی کەسایەتیەکی بێ نموونەیە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت



سالەهایە خەریکی چەند پرۆژەیەکی نیشتیمانییە و دەبێت لە ئێستادا ڕێگری لە تەواوکردنیان نەگیرێت

بۆ ئێستا نێچیرڤان بارزانی لە پێگەی سەرۆکی حکومەتێکی یەکگرتوودا، کەسایەتیەکی بێنمونەیە. ئەو جگە لەوەی گەنج و لە ڕووی فیزییکەوە بە توانایە، ئەزموونێکی باش و دەوڵەمەندیشی لە ناوخۆ و لە ئاستی دیپلۆماتێکیدا هەیە. ئەمە جگە لەوەی کەسایەتییەکی کراوەیە و لە حوکمی پێشینەوە بڕیارنادات و هێمنییەکی تایبەت بە خۆیشی هەیە، کە دواجار کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانی دادەنێت. ئەو لەلای کەسایەتی و لایەن و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنەکانیش ڕێزلێگیراوە و پەیوەندیی فراوان و دۆستانەی لەگەڵیان هەیە. پاشان ساڵەهایە خەریکی چەند پرۆژەیەکی نیشتیمانییە و دەبێت لە ئێستادا ڕێگریی لە تەواوکردنیان نەگیرێت، نێچیرڤان بارزانی لە ساڵانی ڕابردوودا، وێڕای ئەو ڕێگریانەی لەبەردەمیدا هەبوون، توانیویەتی چەند ئاستێکی کەسایەتیی خۆی بەرجەستە بکات کە جێی دڵخۆشین. لە ڕووی دیپلۆماسییەوە، لە ڕووی ڕۆشنبیری و قەبووڵکردنی جیاوازیی و کرانەوەیەوە، لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە، لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان هەرێم و بەغدا و بێدەنگکردنی وڵاتانی هاوشێوە، لە شوێنێکەوە کە زۆر دژی ئەم هەرێمە بوون، بۆ شوێنێ کە بەرژەوەندییە ئابووریەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەمانە هەموویان خاڵە باش و بەهێزەکانی ئەم کەسایەتییەن.

# ئەو قسانە هێشتا زوون!


ئاسۆ کەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی*

هێشتا (٩/٢٧) دەرەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە رەسمیی لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا رانەگەیەندراوە. لێ شکی تێدا نییە، لیستی ژمارەی (١١٠)ی پارتی دیموکراتی کوردستان، لیستی یەکەمەو لە پێش لایەنەکانی ترەوەیە، نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانی نەبردۆتەوە. دووەمیان، پارتی و یەکێتی کە لە خولی سێیەمدا (٥٩) کورسییان بەیەکەوە هەبوو، ئەگەر وەکو خۆیشی نەمێنێتەوە، لێ دیسان بەیەکەوە رەنگە ببنە (٥٤- ٥٦) کورسی، بەم پێیە هەردوو حزبە سەرەکییەکەی ئیئتلافی فەرمانڕەوای ئێستا، دەرابی حوکمڕانییان لە دەست دەرنەچووە. سێیەم، بە قسەی من نا، بەقسەی چاودێرانی ناوخۆ و بیانی، هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بە بەراورد بە باقی هەڵبژاردنەکانی دیکەی عێراق و کوردستان، سەرکەوتووترو بێگەردتر بووەو تەنانەت کۆمیسیۆن خۆی رێژەی ٩٠٪ی بۆ داناوە، بەڵام بەو مانایە نییە کە بێ غەل و غەش بووە، چوارەم هەر حزب و لایەنێکی بەشداربووی هەڵبژاردنەکان لە پێگەو سەنگ و قورسایی خۆی گەیشت و قۆناغێکی تری کارکردن و «موراجەعات» لە کوردستاندا دەست پێدەکات بەتایبەتی کە بڕیارە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ساز بکرێ.

بەگوێرەی مادده «١٠/ بڕگەی سێیەم»ی قانوونی ژمارە «١»ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەبێ لە ماوەی «١٠ » رۆژدا لە رۆژی راگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسوومێك دەربکات و داوای کۆبوونەوەی پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراو بکات، لە بارێکدا ئەو مەرسوومە دەرنەکرێ، ئەوا پەرلەمان لە خۆیەوە لە رۆژی دوای کۆتایی ماوەکە کۆدەبێتەوە. لە یەکەمین کۆبوونەوەدا، بەگوێرەی مادده «١١»ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاسایی دەخۆن و لەهەمان کۆبوونەوەدا بەگوێرەی «١٣ »ی پەیڕەو ئەندامان لە رێگەی دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان، هەر یەك لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆك و سکرتێر هەڵدەبژێرن.. کەواتە، لێرەدا بەگوێرەی دەرەنجامەکان، ئەگەر پێشوەختە لەسەر ئەو پۆستانە رێککەوتن نەکرێ، لە یەکەم کۆبوونەوەدا ئەو هەڵبژاردنە بێ ئەنجام دەبێ.. هەڵبەت ئەو کاکەبراڵە و رێککەوتنە، بمانەوێ و نەمانەوێ، پێوەندیی بە پێکهێنانی کابینەو بەرنامەی حکوومەتی ئایندەو کۆمەڵێ پرسی ترەوە هەیە، لەوانە پرسی رەشنووسی دەستوور...

بەگوێرەی مادده «١٠/ بڕگەی ١٢ »ی قانوونی ژمارە ١ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم سەرۆکی وەزیران و جێگرەکەی رادەسپێری، پاش ئەوەی لە پەرلەماندا ناویان لێ دەنرێ،

بە پێکهێنانی کابینە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ دا لە ڕۆژی ڕاسپاردنیانەوە. هەڵبەت پەرلەمان بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی خۆی ناو لەو دوو کاندیدە دەنێ و عورفیش وابووە ئەو لیستەیەی زۆرترین کورسیی پەرلەمانی هەیە کاندیدی خۆی بۆ ئەم پۆستە دیاری دەکات. کەواتە لێرەشدا، ئەو ناولێنانەی پەرلەمان بە «ئینسیاب»ی ناڕوا، ئەگەر هاوپەیمانیی پێشوەختە نەکرێ.. لەسەرینی ئەو ئاستەنگانە، ئەو «خیارات»انە دێنە پێشەوە:

١. حکوومەتی زۆرینەی پەرلەمانی: واتە حکوومەتێك پێکبێ کە زۆرینەی پەرلەمانیی «بەلایەنی کەمەوە ٥٦ ئەندام »متمانەی پێ دابێ. مادام لیستی یەکەم بە تەنیا ئەو زۆرینەیەی نییە، بۆیە دەبێ بە ناچاری هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستێك یان چەند لیستێکی دیکەدا بکات تا ئەو زۆرینەیە مسۆگەر بکات.. لێرەدا پارتی کۆمەڵێ «خیارات»ی لەبەر دەستدا دەبێ بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، وەك:

أ. لەگەڵ یەکێتی و کۆتاکان و ئەو حزبە بچووکانەی کورسییان لە پەرلەماندا دەبێ، هاوپەیمانێتی بکات، گۆڕان و ئیسلامییەکان بە ئۆپۆزیسیۆن بمێننەوە.

ب. یان لەگەڵ یەکێتی و کۆتاکان و حزبە بچووکەکان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیدا، گۆڕان ببتە ئۆپۆزیسیۆن، یان گۆڕان و لایەنێکی ئیسلامی (یان کۆمەڵ یان یەکگرتوو) ببنە ئۆپۆزیسۆن...

ت. یان لەگەڵ کۆتاکان و حزبە بچووکەکان و یەك لە دوو حزبە ئیسلامییەکە (یەکگرتوو یان کۆمەڵ) یان لەگەڵ هەردووکیاندا. گۆران و یەکێتی ببنە ئۆپۆزیسیۆن (ئەگەرێکی کردەنی نییە).

ث. یان لەگەڵ کۆتاکان و حزبە بچووکەکان و بزووتنەوەی گۆڕاندا و یەکێتی و لایەنە ئیسلامییەکان ببنە ئۆپۆزیسیۆن.

ج. یان لەگەڵ کۆتاکان و حزبە بچووکەکان و گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوودا، لێرەدا یەکێتی ببتە ئۆپۆزیسیۆن.

ح. یان لەگەڵ کۆتاکان و حزبە بچووکەکان و یەکێتی و گۆڕاندا. «خیارات»ی دیکەش هەیە.

٢. ئەگەر خاڵی یەکەم سەر نەگرێ و حکوومەتێکی دیکەی زۆرینەی پەرلەمانی، بێ پارتی پێکبهێنرێ.

٣. حکوومەتی بنکە فراوان بەمانای حکوومەتی وەحدەی وەتەنی، واتە هەمووان بەشداری تێدا بکەن و فراکسیۆنێك نەبێ پێی بگوترێ ئۆپۆزیسیۆن.

٤. نەکرێ حکوومەت پێك بهێنرێ، واتە پەرلەمان سێ جار لەسەر یەك متمانە بە کابینە نەدات و بەگوێرەی ماددە «١٠/بڕگەی چوارەم/٣ »ی قانوونی سەرۆکایەتی، ئەودەم پەرلەمان بە هەڵوەشاوە دادەنرێ و هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکرێتەوە. ئەوەیان ئەگەرێکی زۆر لاواز و دوورە، چونکە وەك دیارە هەموو لایەنەکان دەرەنجامەکان پەسند دەکەن.

ئەو «خیارات»انەی لە خاڵی یەکەم و دووەم و سێیەمدا ئاماژەیان بۆ کراوە لە ڕووی قانوونی و تیورییەوە دەشێ وەك ئەگەر، چاویان لێ بکرێ، بەڵام لە ڕووی واقیعیەتی سیاسی و کردەنییەوە، کامەیان بۆ کوردستان گونجاوترەو دەست دەدا، ئەوەیان جێگەی باس و قسە لەسەر کردنەو ئاسان نییە پێشبینی بکرێ، چونکە هەر لیستێك لە بەشداریکردن لە حکوومەت یان نەکردن دەکۆڵێتەوەو قازانج و زەرەری خۆی لێکدەداتەوە.

بەرای من، حکوومەتی وەحدەی وەتەنی بۆ گەلی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیاتەکان گونجاوترەو وێدەچێ لایەنەکانیش ڕەتی نەکەنەوە، بەڵام «تنازلات»ی گەرەکە لە هەموو لایەنەکانەوە. واتە دەبێ لەسەر بەرنامەی هاوبەش و پۆستەکان و ڕەشنووسی دەستور و هەندێ قانوون و هەنگاو ڕێك بکەون. ئەوەیان کارێکی پڕ زەحمەتە، بەڵێ، بەڵام نەکردەنیش نییە، بەڵام حکوومەتێکی کارا و بەدەستوبرد نابێ، بەپێچەوانە پڕ گێرمەو کێشە دەبێ...

هەرچی «خیارات»ەکانی ترن، واتە حکوومەتی زۆرینەی پەرلەمانی بێتە دروستکردن و دیسان لایەنێك یان زێتر ببنە ئۆپۆزیسیۆن.. وەك لە خاڵی ١/ بڕگەکانی (أ، ب، ت، پ، ج، ح) هاتوون یان کە لە خاڵی ٢ دا هاتووە، چەندین «خیار» لەبەر دەستن، بەڵام کامەیان گونجاو و واقیعییە. هەر چۆن بیری لێ بکرێتەوە بە حوکمی واقیعی چەند ساڵەی ڕابردوو، بوونی دوو ناوچەی نفووز و هۆکاری دیکەش.. پێویست بەوە دەکات نوێنەرانی هەردوو ناوچە نفووزەکە لە حکوومەتدا بەشدار بن.. ڕەنگە پرسیار ئەوە بێ، بۆ نموونە، کێ نوێنەرایەتی ناوچە نفووزی «سەوزی جاران» دەکات؟ لێرەدا ڕاستییەك هەیە، بۆ نمونە بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی کە بەدەنگ لە پێش لایەنەکانی ترەوەیە، نوێنەرایەتی زۆرینەی ڕەهای ناوچە نفووزی سەوزی جاران ناکات، بەڵکە یەکێتی و ئیسلامییەکان و پارتی پێکەوە لەپێش بزووتنەوەی ناوبراودان.. کەواتە حکوومەتی زۆرینەی پەرلەمانی بەبێ بزووتنەوەی گۆڕانیش، ئەگەرێکی بەهێزەو ڕێی تێدەچێ بەتایبەتی خاڵی (ب). هەرچی خاڵی (٢)ە واتە لایەنەکانی تر حکوومەت پێکبهێنن و پارتی ببتە ئۆپۆزیسیۆن، لە ڕووی تیۆرییەوە گرفتێکی نییە، بەڵام لە ڕووی واقیعییەتی سیاسی ناکرێ و نابێ، چونکە پارتی لە ناوچە نفووزی خۆیدا لە (هەولێر و دهۆك) لە سەرووی ٥٠٪ی دەنگەکانی هێناوە و بەڕێوەبردنی حکوومەت لەسەر ئاستی هەرێمدا بێ پارتی مەحاڵە و لە یارییەکە ناکرێتە دەرێ...بەهەر حاڵ با ببینین.

*** ئەم وتارە ڕۆژی شەممە بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامە فەرمیە بەراییەکانی هەڵبژاردن نووسراوە**

**هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان بە بەراورد بە باقی هەڵبژاردنەکانی دیکەی عێراق و کوردستان، سەرکەوتووترو بێگەردتر بووەو تەنانەت کۆمیسیۆن خۆی ڕێژەی ٩٠٪ی بۆ داناوە**

**حکوومەتی وەحدەی وەتەنی بۆ گەلی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییاتەکان گونجاوترەو وێدەچێ لایەنەکانیش ڕەتی نەکەنەوە، بەڵام «تنازلات»ی گەرەکە لە هەموو لایەنەکانەوە**



# حکومەت و بنەماکانی حوکمڕانیی چاک



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

زۆر گرنگە لەپێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتدا ئاگامان لەبنەما جیهانییەکانی حوکمڕانیی چاك بێت. (پەیمانگای کەنەدا بۆ حوکمڕانیی چاك) لەبڵاوکراوەیەکیدا، (٥) بنەمای دیاریکردووە بۆ حوکمڕانیی چاك:

یەکەم: شەرعییەتی هەڵبژاردن، واتە ئەوانە لەحکومەتدان کە حزبەکانیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هاتوون.

دووەم: پێویستە بەرنامەی حکومەت وەك نەخشەڕێگەیەکی تەبا بێت لەگەڵ ئەوەی رای گشتیی داوای دەکات.

سێیەم: پێویستە ئەندامانی نێو کابینەی حکومەت ئەدایەکی باش و میکانیزمی خێراو سەرکەوتوویان هەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کابینە.

چوارەم: پێویستە گشت لایەنە بەشداربووەکانی نێو کابینە بەرپرسیارێتی وەك یەك لەئەستۆ بگرن و بەگیانی یەك تیم کار بکەن.

پێنجەم: پێویستە ئامانجی سەرەکیی کابینە بریتی بێت لە بەرقەرارکردنی دادپەروەریی لە ڕێگەی:

١- دابینکردنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی بۆ تاك و کۆمەڵگە.

٢- پەیڕەوکردنی سەروەریی یاساو دابەزاندنی هەمووان بۆ ژێر چەتری یاسا.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بنەمایانە، رەنگە بژاردەی گونجاو ئەوە بێت کە حکومەتی زۆرینە بکەینە زۆرینەی حکومەت و، زۆرینەی حکومەتیش، بەمانای بەشداری کردنی لایەنە براوەکان دێت بەپێی ڕێژەی کورسییەکانیان



لەڕێگەی گفتوگۆکانی داهاتووی نێوان حزبە براوەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەرەچاوکردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

یەکەم: ئاراستەیەکی دیار جەخت لەسەر زۆرێك لەئەرکەکانی قۆناغی رزگاریی نەتەوەیی ونیشتمانیی دەکات و، بەردەوام کاریان بۆ دەکات.

دووەم: ئاراستەیەکی دیکە جەخت لەسەر چەمکەکانی ئازادییە گشتییەکان و مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتییبوون دەکات.

سێیەم: ئاراستەی یەکەم ئەو قەناعەتەی هەیە کە هەرچەندە بەشێکی باشی چاکسازیی بەخۆی دەکرێت و لەتواناشیدایە ئەنجامی بدات، بەڵام دەشزانێت کە چاکسازیی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیەو بۆ هەموو لایەنەکانیشە، بۆیە دەیەوێت هەموان تێیدا بەشداربن.

چوارەم: ئاراستەی دووەمیش- ئەگەر هەمووشیان نەبن- گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە ئۆپۆزیسیۆنبوون هۆکارەو، کاری کەمینەی پەرلەمانییەو، کاتییەو حزب بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵام پەرەپێدان بە کەلتووری دەوڵەت و، بونیادنانی پایەکانی، ئامانجە و هەمووانی دەوێت و، هەمیشەییەو دەنگدەر لەسەر ئاستی نیشتمانییدا بڕیاری لەسەر دەدات و داوای دەکات.

پێنجەم: وەك دەرئەنجامێك بۆ گشت ئەوانەی کە لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکردن، لەوانەیە باشترین ڕێگە چارەیەك بۆ قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان، پێکهێنانی حکومەتێك بێت لەگشت لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن لە ڕێگەی ( لێکدان )ی گشت بەرنامەو پرۆژەکان و( کۆکردنەوە )ی خاڵە هاوبەشەکان و،( لێدەرکردن )ی خاڵە جیاوازەکان و،( دابەشکردن )ی دەسەڵاتەکانیش لەنێوان گشت شەریك و بەشداربووواندا.

لەهەمان کاتیشدا زۆر گرنگە ئاگامان لە ڕێگرەکانی بەردەم حوکمڕانیی چاك بێت کەبەلای کەمەوە بریتین لە:

١- قۆستنەوەی دەرامەتە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندیی کەمینە.

٢- کۆکردنەوەی وەزیفەی گشتیی و کاری بازرگانیی لای یەك کەس یان یەك گرووپ.

٣- نەبوونی شەفافییەت و دەستنەکەوتنی زانیاریی گشتیی.

٤- دەست بڵاویی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتیی لەڕێگەی پڕۆژەی بێ پلان و کەم سوود و بێ بەرهەم.

٥- لاوازیی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کاراو هۆشیار کە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کار بکات.

٦- بیرۆکراسییەت و قورسبوونی پەیکەری ئیدارەو، ماندووکردن و زەحمەتدانی هاووڵاتییان لەڕاییکردنی کارەکانی ڕۆژانەیاندا.

٧- تێگەیشتنی هەڵە لای جەماوەر لەچەمکی دابەشکردنی سامانی نیشتمانیی.

٨- لاوازیی یاسا لەبەرامبەر پێشێلکارانی یاسادا.

**ڕەنگە بژاردەی گونجاو ئەوە بێت کە حکومەتی زۆرینە بکەینە زۆرینەی حکومەت و، زۆرینەی حکومەتیش، بەمانای بەشداری کردنی لایەنە براوەکان دێت بەپێی ڕێژەی کورسییەکانیان لەڕێگەی گفتوگۆکانی داهاتووی نێوان حزبە براوەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن**

# هەلێک بۆ ڕۆژئاوای کوردستان هاتۆتە پێش سوودی لێوەرنەگیرێت جارێکی دیکە دووبارە نابێتەوە



((لەنیوەی دووەمی نەوەدەکان و لەمیانەی دیدارێکی رۆژنامەوانی کە ئەوکات بۆ (رۆژنامەی برایەتی) لەگەڵ بەرێز دڵشاد بارزانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا ئەنجامدرابوو، سەبارەت بە گرنگی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش و دروستبوونی نەوای ئارام لەباشوری کوردستان، بەرێز دڵشاد بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، کە بە رووخانی کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵات شەڕی سارد لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی پێکرد و بە دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش، شەڕی سارد لە باشوری کوردستانەوە کۆتایی پێهات، ئەم خوێندنەوەی دڵشاد بارزانی بۆ بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش و دروستبوونی ئەو هەلە مێژووییەی بۆ بەشێک لەباشوری کوردستان هاتبووە ئاراوە، خوێندنەوەیەکی گشتگیر و پێکەوە بەستنەوەی کۆی کێشەی کورد بوو لە هەرچوار پارچەی کوردستان، ئەو مەبەستی ئەوەبوو پێمان بڵێت سەرکەوتنی کورد لە باشوری کوردستان و پیشاندانی نموونەیەکی جوانی پێکەوە ژیان و فرەلایەنی و بونیادی سیستمێکی دیموکراتی، پیشاندانی کۆی ئیرادەی گەلی کوردە بەرامبەر بەجیهان و جیهان رێز لە ئیرادەی دیموکراتی و فرەلایەنی دەگرێت، ئەو ئەوکات پێی وتین سەرکەوتنی ئیدارەی هەرێمی کوردستان تەنیا سەرکەوتن نییە بۆ باشوری کوردستان، بەڵکو دەروازەیەکی روون بۆ هەموو کێشەی کورد لە ناوچەکە دەکاتەوە، دڵشاد بارزانی ئەوکات پێی وتین تەنیا رێگە بۆ ئەوەی ئیرادەیەکی تازەی کورد پیشانی جیهان بدەین، ئەوەیە دەبێت خۆمان لەناوخۆمان دیموکراتی بین و بتوانین بەگیانی لێبوردەیی یەکتری قبوڵ بکەین، بۆ ئەوەی ئەم یەکتری قبوڵکردنە ناوخۆییە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵبگرێت و لەسەر ئاستی فرەیی نەتەوەیی و ئاینی لە ناوچەکە گیانی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵ کردن بێتە ئاراوە)).



## تاچەند بارودۆخی ئێستای رۆژئاوای کوردستان لە دوای راپەڕینی باشور دەچێت

کاتێك لە ئەزموونی خەباتی شۆڕشگێڕی و ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی باشوری کوردستانەوە خوێندنەوە بۆ بارودۆخی ئێستای رۆژئاوای کوردستان دەکەین، مەبەستمان ئەوەنییە بڵێین کە هەرگیز لەنێو لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستاندا شەڕی ناوخۆیی کورد و کورد نەبووە، یان مەبەستمان ئەوەنییە بڵێین لە باشوری کوردستان هەرگیز شەڕی دەسەڵات بوونی نەبووە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بڵێین:

١. هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان ئەزموونی تاڵی شەڕی ناوخۆیی و شەڕی کورد و کورد فێری کردن، تەنیا رێگە بۆ ئەوەی لە ئامانجەکانمان نزیکبینەوە ئەوەیە دەبێت هەموو پێکەوە یەکدەست و یەکگرتوو و یەکڕیز بین لەسەر رەهەندە گشتیەکانی ستراتیژی نەتەوەیمان و جیاوازی نێوان لایەنە سیاسییەکان با وەك خۆیان بونیان هەبێت، بەڵام بۆ پەرەپێدان و پێشکەشکردنی بەرنامەی باش و باشتر بۆ ئاییندەی کوردستان.

٢. هێز و لایەنە سیاسییەکان لە باشوری کوردستان بە پراکتیکی ئەوەیان سەلماند، ئەگەر یەکڕیز و یەکگرتوو بن، ئەوا بارودۆخ چەند قورس و چەند تاریك بێت، ئەوا ئیرادەی یەکگرتوو دەروازەیەکی رووناکی دەکاتەوە، هەر بۆ نموونە چونکە لە باشوری کوردستان بەرەی کوردستانی بوونی هەبوو و وەك چەترێك هەموو لایەنەکانی کۆکردبۆوە، راستە کۆڕەوی ملیۆنی روویدا، راستە ئەوکات کورد بێجگە لە چیاکان کەس دۆستی نەبوو، راستە هەموو کوردستان کاولکرابوو، بەڵام سەرەنجام کۆڕەوی باشور بووە وێستگەی وەرچەرخان بۆ کێشەی کورد لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٣. یەکتری قبوڵنەکردن و بێ ئاکامی شەڕی دەسەڵات، هەردوو هێزە سەرەکیەکەی باشور (پارتی و یەکێتی ) هاندا کە رێککەوتنی واشنتۆن ئیمزا بکەن و پاشانیش بەرەو رێککەوتنی ستراتیژی هەنگاو هەڵبگرن، ئەو رێککەوتنە ستراتیژەش ئەو کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنەی بەرهەمهێنا کە لە رۆژی ٢١ی ئەیلوول بینیمان و هەموو لایەنەکانی باشور دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی دەنگدان، پابەندبوونی خۆیان بە ئاکامی دەنگدان و بڕیاری گەلی کوردستان دووپاتکردەوە.

کەواتە ئاماژەدانمان بەو خاڵانەی سەرەوە بۆ ئەوەیە ئەوە رۆشن بکەینەوە، کە ئامانجمان لەم راپۆرتە ئەوە نییە رووبکەینە هێز و لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا و پێیان بڵێین لە باشور چی کراوە هەمان شت دووبارە بکەنەوە، بەڵکو ئامانج ئەوەیە کە پێیان بڵێین ئەو هەڵانەی کە پێشتر لەباشور روویانداوە ئێوە دووبارەی مەکەنەوە، ئەو قەناعەتەی لای هێز و لایەنەکانی باشور دوای شەڕی ناوخۆ و شەڕی دەسەڵات دروستبوو، ئێوە پێش دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی و یەکتری رەتکردنەوە لاتان دروست بێت و رێگە مەدەن ئەو هەلەی بۆ رۆژئاوا هەڵکەوتووە بە دەستی کورد لەناو بچێت.

ئەو هەلەی ئێستا بۆ رۆژئاوای کوردستان هەڵکەوتووە، زۆر لەو هەلە گەورەتر و گرنگترە کە دوای ساڵی ١٩٩١ بۆ باشوری کوردستان هاتە پێشەوە، لێرەدا ئەو جیاوازییە بە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

* لەباشوری کوردستان لەدوای رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠، حکومەتی عێراق بەفەرمی دانی بە مافی ئۆتۆنومی بۆ هەرێمی کوردستانی باشور نابوو، کێشەی باشور لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ بوو، هەر بۆیە دوای ساڵی ١٩٩١یش کاتێك شاندی بەرەی کوردستانی چووەوە بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەغدا، بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتننامەیە بوو کە ساڵی ١٩٧٠ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزای کردبوو، ئەمەش مانای ئەوەیە لە عێراقدا، دانپێدانانێکی فەرمی بە بوونی کورد و جوگرافیای کوردستان هەبووە، بەڵام لەسەر مافەکانی کورد و جوگرافیای کوردستان کێشە هەبووە.

* لە رۆژئاوای کوردستان بە درێژایی حکومڕانی کۆماری سوریا، نەك هەر دانان بەبوونی کورد نەنراوە، بەڵکو کورد وەك هاووڵاتیەکی عەرەبی سوریش حسابی بۆ نەکراوە و رەگەزنامەی وڵاتی خۆیان لێ قەدەغەکراوە، بۆیە کە ئێستا هەلێك هاتۆتە پێشەوە، بێجگە لەوەی زەمینەی ئەوە هاتۆتە پێش کە بوونی کورد لەو وڵاتە بسەلمێنرێت، ئێستا هەلێك هاتۆتە پێشەوە کورد خۆی ناوچەکانی خۆی بەڕێوە دەبات.

* لەگەڵ ئەوەی ئەم دیفاکتۆیە لەسەر ئەرز بوونی هەیە، بەڵام هێشتا نە رژێمی سوریا نە ئۆپۆزسیۆنی سوریا بە فەرمی دان بە مافەکانی کوردی رۆژئاوا نانێن، نایەنەوێت کۆماری داهاتووی سوریا، کۆمارێکی فیدرالی و دیموکراتی بێت.

ئەگەر لەم خاڵە واقیعیانەوە بارودۆخی ئێستای رۆژئاوای کوردستان بخوێنینەوە، سەیر دەکەین، کێشەی سەرەکی کورد لە رۆژئاوا، ئەو کێشەیە نییە کە چ لایەنێکی سیاسی ئیدارەی رۆژئاوا بەڕێوە دەبات، بەڵکو کێشەی سەرەکی ئەوەیە ئایا لە ئێستاوە بۆ ئاییندە چ ئەقلیەتێك سوریا بەڕێوە دەبات کە هەم دان بەبوونی کورد

**هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان ئەزموونی تاڵی شەڕی ناوخۆیی و شەڕی کورد و کورد فێری کردن، تەنیا رێگە بۆ ئەوەی لە ئامانجەکانمان نزیکبینەوە ئەوەیە دەبێت هەموو پێکەوە یەکدەست و یەکگرتوو و یەکڕیز**

**کورد بێجگە لە چیاکان کەس دۆستی نەبوو، راستە هەموو کوردستان کاولکرابوو، بەڵام سەرەنجام کۆڕەوی باشور بووە وێستگەی وەرچەرخان بۆ کێشەی کورد لەتەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

بنێت و هەمیش ڕێز لە جوگرافیای ڕۆژئاوای كوردستان بگرێت، ئەوجا ئەم بوونەی كورد و جوگرافیای كوردستان لە چوارچێوەی ئۆتۆنومی یان فیدراڵی بە شـــێوەیەكی یاسایی و دەســـتوری چۆن ڕێكدەخرێت، نەك لە ئێستاوە لایەنێكی سیاسیی خەیاڵی ئەوە بكاتەوە كە دەبێت خۆی كوێخای ڕۆژئاوای كوردســـتان بێت و لایەنەكانی دیكە ڕەعیەت و چاو لەدەســـتی ئەو بـــن، بەداخەوە وەك ئەو سیاســـەتەی كە ئێستا لایەنێكی سیاسیی وەك پەیەدە لە كوردستانی ڕۆژئاوا پیادەی دەكات.

ئێستا لە ڕۆژئاوای كوردستان، هیچ لایەنێك دۆستی كورد نییە، كـــورد هێندە دوژمنی زۆرە هیچ كەســـێك بەخیلی پێ نابات، بەڵام پرســـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەوە چ بیركردنەوەیەكی سیاســـیە كە لەناوخۆی كوردستانی ڕۆژئاوا كورد خۆی ببێتە دوژمنی خۆی، كورد لەترسی كورد نەتوانێت لەوڵاتی خۆی بژی و ئاوارەو سەرگەردان بێت.

ئەو هەواڵانـــەی ڕۆژانە لە ڕۆژئاوای كوردســـتانەوە سەبارەت بە سیاســـەتە نالۆژیكەكانی پەیەدە گوێبیستی دەبیـــن، هەموویان هەواڵی خراپـــن(Bad News)، هەوڵێكن ئیرادەی كورد نائومێد دەكەن بۆ ئەوەی ئاییندەی ڕۆژئاوا بە گەشی ببینێت، ئەوەشی لەهەمووی جێگەی نیگەرانی و مایەی نارەحەتی و سەغڵەتی تەواوی گەلی كوردســـتانە لە هەر چوار پارچەی كوردستان، ئەوە نییە كێ ناهەقەو كێ لەسەر هەقە، بەڵكو نیگەرانییەكە لەسەر ئەوەیە چۆن لایەنێكی سیاسی كوردستانی ڕێگە بەخۆی دەدا لە بارودۆخێكی وەك ئێستای ڕۆژئاوای كوردستاندا، ئەندام و لایەنگرانی لایەنە سیاسییەكانی دیكە سەركوت بـــكات و ڕێگەیان نەدا ئازادانە كاری سیاســـیی خۆیان ئەنجامبدەن، نیگەرانییەكە ئەوەیە كە ئێســـتا هێز و لایەنە سیاسییەكانی دیكەی ڕۆژئاوای كوردستان لەناو ماڵی كوردا دوژمنیان بۆ دروســـتبووە و هێندەی ســـەرقاڵن بە پەیەدەوە هێندە ســـەرقاڵی ئەوەنین كە خەڵكی ڕۆژئاوای كوردســـتان جۆش و هانبدەن بۆ ئاییندەیەكی دیموكراتی، بـــۆ گەڕانەوە بـــۆ ڕای خەڵك و زەمینە ڕەخســـاندن بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە ئیداری و یاساییەی لە ڕۆژئاوا دروســـت بووە بەرێگەی گەڕانەوە بـــۆ ئیرادەی گەل و زەمینە ڕەخســـاندن بۆ دروستكردنی ئەمری واقیعێك كە كورد لەو بەشـــەش نمونەیەكی دیكـــەی دیموكراتی و خۆبەڕێوەبەردنی سەركەوتوو پیشانی جیهان بدات.

### بەرەی كوردستانی باشوور
### ڕێككەوتنی هەولێر بۆ ڕۆژئاوا

لەوانەیە جوانترین دەسكەوت كە لەدوای بارزانی نەمر بۆ كورد بەدەست هاتبێت، ئەو هەنگاوەی شەهید ئیدرس بارزانی بێت كە بناخەی بۆ بەرەی كوردســـتانی داڕشت و لەســـەر ئەو بناخەیە بەرەیەكی كوردســـتانی پێكهات كە هەموو لایەنە سیاســـییەكانی باشـــوری كوردستانی لەخـــۆی گرت، گرنگی ئەم بەرەیـــە، گرنگی فیكر و بیركردنـــەوەی ئیدریس بارزانیمان پیشـــاندەداتەوە، لەبەر ئـــەوەی ئەو كاتی نەخشـــەی بۆ بەرەی كوردســـتانی داڕشت، كوردســـتان بەرەو نائومێدیەكی دیكە هەنگاوی هەڵدەگرت، ئەوكات هێشـــتا ئەنفالی گەرمیان و بادینان ڕوونەدابوو، ئەوكات هێشـــتا هەڵەبجە و چەندین شوێنی دیكەی كوردســـتان كیمیاباران نەكرابوو، بەڵام ئیدریس بارزانی هەســـتی بەوەكردبوو بەرەو ڕۆژگارێكی سەخت و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنێكی دڕندەی ئەوتۆ دەبینەوە كە هێشـــتا مرۆڤایەتی دوژمنی دڕندەی لەو شێوەیەی بەخۆیەوە نەبینیـــوە، ئەوكاتی كە ئیدریس بارزانی بیری لە داڕشتنی بناخەیەك بۆ بونیادنانی بەرەی كوردستانی دەكردەوە، ئەو هەستی كردبوو كە تەرازووی هێز لە شەڕی ئێران عێراقدا، بۆ بەرژەوەندی ڕژێمی سەدام حوسێن تەواو دەبێت، دەشـــیزانی شـــكانەوەی پارســـەنگی هێزیش بۆ بەرژەوەندی ڕژێمی سەدام حوسێن كارەساتێكی هێجگار گەورە دەبێت بۆ باشوری كوردستان، لەبەر ئەوەی سەدام حوسێن هۆكاری شەڕی ئێران عێراقی بۆ كێشەی كورد و شۆڕشی ئەیلول دەگێڕایەوە، سەدام لە شۆڕشی ئەیلول چەكی پێدەدا بۆ ئەوەی ڕێككەوتنی جەزائیر ئیمزا بكات و دەســـت لە بەشێك لە شەتولعەرەب هەڵبگرێت بۆ ئێران، بۆیـــە ئیدریس بارزانی زۆر بـــاش دەیزانی دوای ئەوەی شەڕی عێراق لەگەڵ ئێران كۆتایی پێبێت، سەدام حوسێن ئەم ســـوپا ئامادەیەی دژی كورد بەكار دەهێنێت و ئەو فرسەتە لەدەست نادات، بۆیە ڕاستە هەموو مەزندەكانی ئیدریس بارزانی هاتنەدی، بەڵام سوپاس بۆ خوا بەرەی كوردســـتانیش هاتە دامەزراندن، بۆیـــە لەم ڕوانگەیەوە هەتا نەگەڕێینەوە بۆ ئەو باكگراوەندە تراژیدیە، ناتوانین لە ئاســـتی بەرەی كوردستانی هەڵوەستەیەكی واقیعیانە بكەین:

١. لەگەڵ دروســـتبوونی بەرەی كوردستانی، شەڕی عێـــراق – ئێران كۆتایی هات، بەتەواوبوونی ئەم شـــەڕە ڕژێمی ســـەدام حوســـێن بڕیاریدا كۆتایی بە شۆڕشـــی كوردســـتان بهێنێت و بێجگە لەناوەندی هەرســـێ شارە گەورەكـــەی هەولێر و ســـلیمانی و دهـــۆك و ناوەندی شـــاری كەركوك كە تەعریبی كردبوو، بڕیاریدا، هەموو شاروشـــارۆچكە و گوندەكانی كوردســـتان كاولبكات و لەگەڵ زەوی تەختی بكات و ناوچەكەش بكاتە ناوچەی قەدەغەكراو (موحەرەمە) .

٢. لەدوای دامەزراندنی بەرەی كوردســـتانی پرۆســـە

كێشەی سەرەكی كورد لە ڕۆژئاوا، ئەو كێشەیە نییە كە چ لایەنێكی سیاسی ئیدارەی ڕۆژئاوا بەڕێوە دەبات، بەڵكو كێشەی سەرەكی ئەوەیە ئایا لە ئێستاوە بۆ ئاییندە چ ئەڤڵیەتێک سوریا بەڕێوە دەبات كە هەم دان بەبوونی كورد بنێت و هەمیش ڕێز لە جوگرافیای ڕۆژئاوای كوردستان بگرێت

یەكڕیزی و یەک گوتاری كورد لە باشوور، ئەو ئیرادەیەی دروستكرد كە لەشەڕی خواكوڕك بە سەرۆكایەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆكی ئێستای هەرێمی كوردستان بینیمان، ئەو ئیرادەیەمان بینی كە هێزێكی كەمی پارتی دیموكراتی كوردستان چۆن لەبەرامبەر پێنجەمین هێزی جیهان ڕاوەستا و شكستی بەسەر هێنا

بەدناوەکانی ئەنفال بە ١٠ قۆناخ دەستی پێکرد و لە گەرمیانەوە تا بادینانی گرتەوە.

٣. لەدوای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و بالیسان و بادینان و چەندین شوێنی کوردستان دەستی پێکرد.

٤. لەدوای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، ڕژێم بڕیاریدا شۆڕشی کوردستان یەك بست خاکی کوردستانی لەبەردەست نەمێنێت و ئاودیوی سنوور بکرێت.

باسیر بکەین لەبەردەم ئەم هەموو تەحددیانەی لەو چەند ساڵە ڕووبەڕووی کورد بوونەوە، بەرەی کوردستانی چ ئومێدێکی دروستکردەوە و چۆن کۆی هاوکێشە سیاسییەکانی سەرلەبەر گۆڕی:

* یەکڕیزی و یەك گوتاری کورد لە باشور، ئەو ئیرادەیەی دروستکرد کە لەشەڕی خواکوڕك بە سەرۆکایەتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان بینمان، ئەو ئیرادەیەمان بینی کە هێزێکی کەمی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن لەبەرامبەر پێنجەمین هێزی جیهان ڕاوەستا و شکستی بەسەر هێنا، ئەم ئیرادەیە ئەو پەیامە گەورەیەی سەرۆك بارزانی بەرهەمێنا کە لە خواکوڕك سەرۆك بارزانی بە هەموو گەلی کوردستانی ڕاگەیاند، ئەگەر ئەمجۆرە مقاوەتە بەردەوام بێت، دوژمن ناچار دەبێت پاشەکشە بکات و گۆڕانکاری گەورەش لە ناوچەکە بەڕێوەیە.

* یەکڕیزی و یەك گوتاری کورد لەباشور، جارێکی دیکە ئومێدی لەناو ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ڕاگوێزراوەکاندا دروستکردەوە، ئەم ئومێدە ئەو ڕقە پەنگخواردووەی بەرهەمهێنا کە لەرۆژی ٥ ئادار لە دەروازەی ڕاپەڕین بینیمان و سەرانسەری کوردستانی بە کەرکویشەوە گرتەوە.

* یەکڕیزی و یەك گوتاری کورد لە باشور، دووبارە هۆشیاریی نەتەوەیی لەنێو ئەو چەکدارە کوردانە دروستکرد کە بەهۆکاری جیاواز و ناچاری چەکیان بۆ ڕژێم هەڵگرتبوو، وەك بینیمان هەموو چەکدارانی فەوجەکانی خەفیفە لەگەڵ دەسپێکی ڕاپەڕین بوونە هێزێکی کاریگەر بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین و چوونە پاڵ جەماوەر.

* یەکڕیزی و یەك گوتاری کورد لە باشور، لێبوردنە مەزنەکەی بەرەی کوردستانی بەرهەم هێنا، کە دەبێت کورد هەمووی پێکەوە ئاشت بێتەوە و لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدرێتەوە، لەمەش گرنگتر هێشتا ڕاپەڕین بەتەواوەتی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو، بەڕێز مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی، ڕایگەیاند گەلی کوردستان لەباشور بڕیار دەدات چۆن ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبرێت و نابێت هیچ لایەنێکی سیاسیی خۆی بکاتە کوێخا بەسەر ئیرادەی گەلی کوردستانەوە.

**یەکڕیزی و یەک گوتاری کورد لەباشور، جارێکی دیکە ئومێدی لەناو ئۆردوگا زۆرەملێکان و ڕاگوێزراوەکاندا دروستکردەوە، ئەم ئومێدە ئەو ڕقە پەنگخواردووەی بەرهەمهێنا کە لەرۆژی ٥ ئادار لە دەروازەی ڕاپەڕین بینیمان و سەرانسەری کوردستانی بە کەرکویشەوە گرتەوە**

* ڕاستە تەمەنی سەرکەوتنەکانی ڕاپەڕین درێژ نەبوو، کارەساتی کۆڕەوی بەسەردا هات، بەڵام ئەو مقاوەمەتەی سەرۆك بارزانی لە خواکوڕك چەند ساڵێك پێشتر ئاماژەی پێکردبوو، جارێکی دیکە لە دەربەندی کۆڕێ دووبارە کرایەوە و پێش بەدوژمن گیرا، ئەوەش دووبارە سەلماندیەوە کە ئەگەر کورد یەکڕیز و یەك ئیرادە بێت، ئەوا دەتوانێت هەموو ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت.

ئەگەر لێرەوە هەڵوەستە لەسەر هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی بکەین بەرامبەر کوردستانی رۆژئاوا، ئەوا لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئەزموونە و بۆ ئەوەی کوردستانی ڕۆژئاوا بتوانێت سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت، ئەوا پێش ئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕۆژئاوا بێنە ئاراوە سەرۆك بارزانی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا کۆبۆتەوەو پێی ڕاگەیاندوون، ئێوە خۆتان بڕیار لە ئاییندەی خۆتان دەدەن و تەنیا مەرج بۆ هەموو هاوکارییەك کە پێشکەشی ئێوەی دەکەن ئەوەیە کە ئێوە یەکڕیز و یەك گوتاربن و ئێمەش بەهەموو شێوەیەك هاوکاریتان دەکەین هەر لەم چوارچێوەیەشدا ڕێککەوتنی هەولێر لەنێو هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ئیمزا کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنیا لایەنێکی وەك پەیەدە بەم ڕێککەوتنەوە پابەند نابێت، ئەوا وەك دەبینین خەریکە بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان بەجۆرێك تێکدەچێت کە نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە زەمینەیەکی نالەباری ئەوتۆ دروست بێت کە شەڕی کورد و کورد دروست بێت و ئەم هەلە مێژووییە لەدەست کورد دەربچێت، بۆیە بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە نالەبارە نەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەو کارەساتە بێتە پێشەوە، ئەوا تەواوی گەلی کوردستان و هێز و لایەنەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان خوازیاری ئەوەن پەیەدە واز لە ڕەفتارە نەخوازراوەکانی بهێنێت و بگەڕێتەوە بۆ لۆژیکی یەکڕیز و یەك گوتاری کە لەم قۆناخەدا کورد لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی پێیەتی، لەمەش گرنگتر کە ئێستا هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرقاڵی ئەوەن یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر گرێبدەن، ئەوا بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئەولەویەتی بەرنامەی کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێت و گرنگە ئەو بارگرژیەی پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان دروستی کردووە کۆتایی پێبێت، بۆ ئەوەی لە کۆنگرەی نەتەوەیی گوتارێکی یەکگرتوو بێتە ئاراوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر پەیەدە بەردەوام بێت لەسەر تاکڕەوی و ڕەتکردنەوەی لایەنەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان، ئەوا بێجگە لەوەی هەلێکی زێڕین لەدەست کورد دەدات، چارەنووسی خۆشی باش نابێت.



## جۆشوا لاندیز بۆ گوڵان:

# ئەمریکا لەترسی باڵادەستی ڕێکخراوی قاعیدە هاوکاری بۆ تێکشکانی ڕژێمی ئەسەد ناکات

پرۆفیسۆر جۆشوا لاندیز ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ئۆکلاهۆما و تایبەتمەندە لەسەر پرسی کورد و سوریا و یەکێکە لەو چاودێرە نێودەوڵەتیانەی کە لە نزیکەوە چاودێری سوریا دەکات و ڕۆژانە لێدوان و شرۆڤەی هەیە لەسەر ڕەوشی سوریا، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای سوریا و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەمریکا بە خاوبوونەوەی بەرامبەر لێدانی سوریا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر لاندیز کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

نائەخلاقیە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە نەیتوانیوە خەڵکی سوریا بپارێزێت

هۆکاری ئەوەی هێشتا سوریا بە تەواوەتی دەوڵەتێکی شکستخوارد نییە، ئەوەیە کە ئەسەد کۆنترۆڵی تەواوی چەکی کیمیایی کردووە لە سوریادا و ئەگەر یاخیبووانیش سەرکەوتوو بن، ئەوا کۆنترۆڵی ئەم چەکە دەکەن و ئەمریکا و روسیاش ئەمەیان ناوێت

*** لە دوای ٢٠ی ئابەوە بینیمان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێکی بەهێزی هەبووە، بەڵام دوای بۆردمان بە پشکنەرانی چەکی کیمیایی بۆ ئەوەی بچنە سوریاوە، ئەو هەڵوێستە خاوبۆوە، بە شێوەیەك ئەمجارەش رژێمەکەی ئەسەد لە گورزێکی سەربازی رزگاری بوو بەهۆی خاوبوونەوەی هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەمانای ئەوە دێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت هیچ شتێك بکات لە ئاست سوریادا؟**

- دوو شت هەیە لێرەدا ئاماژەیان پێبکەین، یەکەمیان ئەوەیە سەرۆك ئۆباما تەنیا تەرکیز لەسەر یەك شت دەکات کە بریتییە لە پابەندبوون بە رێسا نێودەوڵەتیەکانەوە کە پەیوەستن بە سنورداركردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە و ئەو بڕیارەی ئێستای نەتەوە یەکگرتووەکان و رێککەوتنی نێوان ئەمریکا و روسیا بۆ ئەوەیە پابەندبوون هەبێت بەم رێسا نێودەوڵەتیانەوە لەبارەی کێشەی چەکی کیمیاییەوە لە سوریا.

*** نیگەرانیەکە ئەوەیە تەنیا تەرکیز لەسەر چەکی کیمیایی دەکرێت، لە کاتێکدا لە ماوەی دوو ساڵی شەڕ لە سوریادا رژێمەکەی ئەسەد نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس بە چەکی تەقلیدی کوشتووە و بە سەدان هەزاریشی ئاوارە کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان بکات و کارەکانی رژێمی دیکتاتۆریی راگرێت؟**

- ئەگەر پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە کارێکی نائەخلاقیە، بەڵێ پێموایە نائەخلاقیە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە نەیتوانیوە خەڵکی سوریا بپارێزێت.

*** حاڵی حازر رژێمەکەی ئەسەد هاوپەیمانی حزبوڵڵای لوبنانیە کە داواکراوە ئەم حزبە بخرێتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستیەکانەوە، کەواتە لە کاتێکدا سوریا بۆتە مۆڵگەی ئەلقاعیدە، ئەوا هاوپەیمانی رێکخراوێکی تیرۆریستیشە، کەواتە ئایا سوریا نەبۆتە دەوڵەتێکی شکستخواردو کە هەڕەشە بێت لەسەر ئاسایشی جیهان؟**

- لە روانگەی ئەمریکاوە، سوریا لەوە نزیکە دەوڵەتێکی شکستخوارد بێت، بەڵام بە تەواوەتی شکستخوارد نییە، ئەوەش گرنگە، چونکە ئەوەی ئەمریکا زیاتر لێی دەترسێت ئەوەیە لە کاتێکدا رژێمەکەی ئەسەد چەکی کیمیایی هەیە، ئەوا یاخیبوانیش- شۆڕشگێران- ئەم چەکەیان دەستکەوێت، هۆکاری ئەوەی هێشتا سوریا بە تەواوەتی دەوڵەتێکی شکستخوارد نییە، ئەوەیە کە ئەسەد کۆنترۆڵی تەواوی چەکی کیمیایی کردووە لە سوریادا و ئەگەر یاخیبووانیش سەرکەوتوو بن، ئەوا کۆنترۆڵی ئەم چەکە دەکەن و ئەمریکا و روسیاش ئەمەیان ناوێت.



هەر لەبەر ئەمەشە گفتوگۆ لەگەڵ ئەسەددا دەکەن، من ناڵێم پشتیوانی دەکەن، ئەمریکا پشتیوانی ئەسەد ناکات، ئەمریکا لە ترسی ئەلقاعیدە هاوکاری تێکشکاندنی ئەسەد ناکات.

*** سوریا بۆتە هەڕەشە لەسەر دراوسێکانی، چونکە ئەلقاعیدە لە عێراقدا رۆژانە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدات و ئەمەش بۆتە سووتەمەنی شەڕی تائیفی لە عێراقدا، ئایا مەترسی ئەوەنییە عێراقیش وەك سوریای لێبێت ئەگەر هاتوو ئەسەد لە دەسەڵاتدا مایەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە و من نازانم چۆن وەڵامی بدەمەوە. ئەوە تەواو روونە کە کاتێك ئەمریکا عێراقی داگیرکرد و سەرکەوتنی تەواوی تەسلیمی شیعەکرد، ئەوا بە شێوەیەکی نەخوازراو، یاخود ناڕێرانە بوونەهۆی رادیکاڵبوونی عەرەبەکانی سوننە و کێشەی ئەلقاعیدەیان لە عێراقدا خوڵقاند.

*** بارودۆخی سوریا کاریگەری دەبێت لەسەر هەل و مەرجی ناوخۆیی تورکیا و تورکیاش لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هاوکاری موعارەزەی سوری کردووە، ئایا مانەوەی ئەسەد نابێتەهۆی ئەوەی بیر لە تۆڵەکردنەوە لە تورکیا بکاتەوە و ئەمەش بارودۆخەکە خراپتر دەکات؟**

- تورکیا خوازیاری ئەوە نەبوو ئەمە روویدات و پێی خۆش نەبوو دەسەڵاتی سوننە لە عێراقدا تێکبشکێت و پێی باش بوو سەددام لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. و هێشتا تورکیا هاوکاری یاخیبووانی سوریا دەکات، یاخود باشترە بڵێین ئەمریکا و تورکیا خۆیان لە دۆخێکی ناڕۆشندا دەبیننەوە و نازانن چی بکەن و سیاسەتەکانیان سست و خاوە لەم رووەوە. لەبەر ئەوەی پێشتر باوەڕیان وابوو دەتوانن هاوکاری سوننەکان بکەن بۆ لەقکردنی دەسەڵاتی ئەسەد، بەڵام ئێستا بۆیان روون بۆتەوە کە بەهێزکردنی



سوننە، بەهێزکردنی ئەلقاعیدەیە، و ئەوانیش خوازیاری ئەمە نین و لەم دەرئەنجامە دەترسن و تورکیاش دەترسێت- یان بەلای کەمەوە رایدەگەیەنێت کەترسی هەیە لەم رووەوە- ترسی هەیە لە ئەلقاعیدە لە سوریا. بەڵام تورکیا سەری لەوە دەرناچێت ئایا ئەلقاعیدە مەترسیدارترە بۆ تورکیا یان پەیەدە، بەڵام پێیوایە پەیەدە مەترسیدارترە لە ئەلقاعیدە، لەبەر ئەوە هاوکاری ئەلقاعیدە دەکات بۆ تێکشکاندنی پەیەدە. ئەوەی پەیوەندی بە تۆڵەکردنەوەوە هەبێت، ئەوا ئەمە ئەگەرێکە، بەڵام ئەسەد زۆر لاوازە، ئەسەد تێگەیشتووە، یان بەو دەرئەنجامە گەیشتووە کە هەرگیز حەلەب و باکور و رۆژهەڵات بەدەستناهێنێتەوە، و باوەڕم وانییە بیەوێت جارێکی دیکە کۆنترۆڵیان بکاتەوە، لەبەر ئەوەی سوننەیەکی زۆری لێیە و کێشەیەکی زۆری هەیە. ئەوەی ئەو داوای دەکات ئاگربەستە، کە لە زۆر رووەوە دەبێتەهۆی دابەشبوونی سوریا و دروستبوونی دوو هەرێم، یەکێکیان رژێمەکە کۆنترۆڵی دەکات و ئەوی دیکەیان موعارەزە، لەلایەك ئەردۆغان دەیەوێت ئەسەد تێکبشکێت و لەلایەکی دیکەوە نایەوێت دەستێوەردان لە سوریادا بکات.

*** ئایا پێتوایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاری رژێمەکەی سوریا دەکات بۆ ئەوەی گروپگەلێکی توندڕەو لە سوریادا دەسەڵات نەگرنەدەست؟**

- هەڵەیە بڵێین هاوکاری دەکەن، بەڵام ئەوان ئامادەنین هاوکاری یاخیبووان بکەن، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت ئەسەد قبوڵ دەکەن و نایانەوێت بڕووخێت.

*** باس لەوە دەکەن ئێران براوەی سەرەکیە لە کێشەی سوریادا، کە ئێستا گفتوگۆ لەگەڵ رۆژئاوادا دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند بارودۆخی سوریای بۆ سوودی خۆی بەکارهێناوە بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمیەکەی؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، ئێران براوە نییە، ئێران لە سوریادا پارەی لەدەست دەچێت و هاوپەیمانەکەی بە رادەیەکی زۆر لاوازکراوە و حزبوڵڵاش بە رادەیەکی گەورە لاوازبووە و گۆشەگیرکراوە لە جیهانی عەرەبیدا، و تەواوی ستراتجیەتەکەی بۆ پاڵپشتیکردنی موقاوەمە لەرزۆك بووە. لە ئێستادا عەرەبە سوننەکان رقیان لە شیعەیە و باوەڕیان وایە عەرەبە شیعەکان سەر بە جیهانی عەرەبی نین. و تەنیا چەند ساڵێکی کەم ئێران پاڵەوان بوو و لەلایەن زۆرێك لە عەرەبە سوننەکانەوە بە پاڵەوانی راستەقینەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی سەیردەکرا، لەبەر ئەوەی شەڕی ئیسرائیلی دەکرد، ئێستا هەموو ئەوانە هەرەسیان هێناوە و ئێستا ئێران دابڕاوە لە جیهانی عەرەبیدا و هەروەها ئێران زۆر هەژارە، لەبەر ئەوەی سزاکانی کاریگەری گەورەیان هەبووە، ئەمەش وا لە ئێران دەکات دووبارە بە ستراتیجیەتەکەیدا بچێتەوە، ئەمەش سەرەتای کەمکردنەوەی ناکۆکیە لەگەڵ ئیسرائیل و کەمکردنەوەی موقاوەمە و کەمکردنەوەی دوژمنایەتیە بۆ ئەمریکا. بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە پێویستی بەوەیە دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا بکات و قەناعەت بە رۆژئاوا بکات کە سوننە مەترسی راستەقینەن و شیعە دەتوانێت هاوکاریان بکات لە تێکشکاندنی ئەلقاعیدە. کەواتە بەڵێ ئێران دەیەوێت ئیستیغلالی تەشەنەکردنی ئەلقاعیدە بکات لە عێراق و لە سوریا، بۆ ئەوەی قەناعەت بە رۆژئاوا بکەن کە هاوپەیمانەکەیان- ئەسەد- و خۆیان- ئێران- هاوکاری رۆژئاوا دەکەن لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەلقاعیدە، ئەگەر بتوانێت قەناعەتیان پێبکات و سزاکان هەڵگرن، ئەوا ئەوانیش دەست لە پروپاگەندەی دژ بە سامیەت و دژ بە ئیسرائیل و ئەمریکا هەڵدەگرن.

**ئەمریکا و تورکیا خۆیان لە دۆخێکی نارۆشندا دەبیننەوە و نازانن چی بکەن و سیاسەتەکانیان سست و خاوە لەم رووەوە. لەبەر ئەوەی پێشتر باوەڕیان وابوو دەتوانن هاوکاری سوننەکان بکەن بۆ لەفکردنی دەسەڵاتی ئەسەد، بەڵام ئێستا بۆیان روون بۆتەوە کە بەهێزکردنی سوننە، بەهێزکردنی ئەلقاعیدەیە**

**ئێران بۆ ئەوەی پێگەی خۆی بەهێز بکاتەوە پێویستی بەوەیە دۆستایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکادا بکات و قەناعەت بە رۆژئاوا بکات کە سوننە مەترسی راستەقینەن و شیعە دەتوانێت هاوکاریان بکات لە تێکشکاندنی ئەلقاعیدە**

کاوە عەزیزی
نوێنەری پارتی ئازادی دیموکراتی کورد لە سوریا و ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بۆ گوڵان:

# پەیەدە ئاستەنگ لەبەردەم ئامانجەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست دەکات




**ڕەوشی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستان، بەهۆی ڕەفتارە نالۆژیکەکانی پەیەدە بەرەو ئاڵۆزی دەچێت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا ئەو ڕاستیە ناشارنەوە کە بەدەست پەیەدەوە بارودۆخەکە ئاڵۆز بووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ڕەوشە، بەڕێز کاوە عەزیزی نوێنەری پارتی ئازادی دیموکراتی کورد لەسوریا و ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو:**

((ئێستا دەرفەتێکی مێژوویی بۆ ئێمەی کورد لە سوریا هاتۆتە پێشێ کە پێویستە بیقۆزینەوە، بەڵام بەداخەوە عەیبەکە لە خۆمانە کە خوێنی یەکدی دەڕێژین و زیان بە میللەتەکەمان دەگەیەنین، لە ڕۆژئاوای کوردستان هێزێکی تەمەن چەند ساڵ و میللەتێکی قارەمان و سیاسەتوان بوونی هەیە و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە مافی خۆمان بەدەست بێنین، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئاستەنگ و لەمپەری زۆرمان لە پێشە کە دوژمنانی کورد هێناویانەتە بەردەممان، لەوانە دەستێوەردانی وڵاتانی دەوروبەر وەکو تورکیا هەروەها خودی ڕژێمی سوریا و ئەو توندڕەوو تیرۆریستانەی ناوخۆ وەکو بەرەی نوسرە و جەبهەی ئەلشام و عێراق، لە ناوخۆشمان پەیەدە کە هەرگیز خۆی لە ئێمە نزیك ناکاتەوەو ئەجنداکەیشی لەگەڵ پەیام و بیروباوەڕی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی یەکناگرێتەوە، هەروەها ڕێکەوتنی هەولێر لە نێوان هەموو لایەکان مۆرکرا، بەڵام پەیەدە پێوەی پابەند نابێت و ئەگەر هەر ڕەوشێکی خراپ هاتە پێشەوە بێگومان من پەیەدە لەمە بە بەرپرسیار دەزانم. دووپاتی دەکەمەوە کە ئەوەی پەیەدە دەیکات بە زیانی کورد تەواو دەبێت، چونکە ئەگەر پەیەدە پرۆگرامێکی نیشتمانی یان کوردستانی هەبووایە من و کەسانی دیکە بە سینگ فراوانییەوە پێشوازیمان لێدەکرد، بەڵام بەداخەوە ئەوان هاتوون دوژمنایەتیی ئێمە دەکەن ئەو ڕژێمە دڕندەیەی کە هەموو دنیا نەفرەتی لێدەکات ئەوان دەستیان خستۆتە نێو

مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی یەکێتیی دیموکراتی کورد لە سوریا بۆ گوڵان:

# تەنیا بە یەکڕیزی و پابەندبوون بە ڕێککەوتنی هەولێرەوە دەتوانین سوود لەم دەرفەتە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان وەربگرین



**هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بێجگە لە پەیەدە ئومێد بۆ یەکهەڵوێستی و یەکڕیزی و یەك گوتاری کورد لە ڕۆژئاوا دەخوازن، ئەوان هەستیان بەو ڕاستیە کردووە ئەگەر ماڵی کورد یەکڕیز نەبێت، کورد هیچی بە هیچ نابێت، بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی یەکێتی دیموکراتی کورد لەسوریا بەمجۆرە و لە لێدوانێکی تایبەتدا باس لە گرنگی یەکڕیزی نێو ماڵی کورد دەکات:**

((زیاتر لە ٥٠ ساڵە میللەتی کورد لەسوریا لە سایەی حوکمی ڕژێمێکی ڕەگەزپەرست و دڕندە ژیان بەسەردەبات، هیچ دەرفەتێك لە ئارادا نەبوو تاکو بە مافەکانی خۆی شاد بێت و هەست بە ئازادییەکانی بکات، دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی سوریا ئێمەی کوردیش ڕامانگەیاند کە بەشێکین لە شۆڕش لە پێناو کەرامەت و بەدەستهێنانی ئازادی و مافەکان، ڕۆژ بە ڕۆژیش ڕژێمی شۆڤینی بەعس لاواز دەبوو، بۆیە ناچاربوو دەزگا ئەمنی و هێزەکانی لە هەرێمی کوردی بکێشێتەوە، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ کورد کە بە جیاوازیی بیروبۆچوونەکانەوە بتوانن ئیدارەی هەرێمەکەی خۆیان بکەن و بەیەك دەنگ و گوتار گوزارشت لە بوونی خۆیان بکەن، ئەگەر هەموو خاڵەکانی ڕێکەوتنی هەولێر جێبەجێ بکرێت و هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریاو گەلی ڕۆژئاوای کوردستان یەك هەڵوێستیان هەبێت دەتوانن سوود لە لاوازبوونی ڕژێم و بارودۆخەکە ببینن، بە پێچەوانەوە ئێمە خزمەتێکی تیرۆریستان دەکەین لە بەرەی نوسرەوە قاعیدەی عێراق و بیلاد ئەلشام و لایەنە توندڕۆکانی دیکە و بە هیچ شێوەیەك ناتوانین لەم قەیرانە ڕزگار بین، بۆیە گرنگە کە هەموو پێکهاتەکانی ناو بزاڤی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان یەکبگرن تاکو هەوڵی ئەوە بدەن ئیدارەیەکی هاوبەش بۆ ئەو بەشەی کوردستان بێننە ئاراوە و خزمەت بە سەرتاپای گەلەکەمان بکەن بە یەکسانی و بێ جیاوازی. لەبەر ئەوەی حزبایەتی ئامانجی میللەت ناهێنێتەدی، بۆیە گرنگە لەم قۆناخە ناسکەدا بەرژەوەندیی باڵای میللەتەکەمان بخەینە پێش هەموو

دەستییەوە، ئەوان بە هیچ شێوەیەك تەوافوق لەگەڵ هێزەکانی دیکە ناکەن ئەوەتا پتر لە ساڵ و نیوێکە جەنابی سەرۆك بارزانی و هێزەکانی دیکە داوا دەکەن کە هەنگاوێك بۆ ئاشتبوونەوەو نزیککردنەوەی هەڵوێست بێنە پێش، بەڵام ئەوان هەر داوایانەتە کەللەڕەقی و گوێ لەکەس ناگرن، نازانم ئەو ئەجندەیەیان لەکوێ هێناوە ئێمە لێی تێ ناگەین؟!! هەروەها ڕێکەوتنی هەولێر کە ڕێکەوتنی نیشتمانی و کوردستانییە، ئینجا پەیەدە پێوەی پابەندنابێت، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە دیارە دژی یەك ماڵیی کوردو ئامانج و مافەکانی کوردە، بە داخەوە ئەگەر ئێمە یەك هێز و یەك ئاساییش و یەك گوتاری سیاسیی یەکگرتوومان هەبوایە ئێستا لەبەر چاوی هەموو دنیا بەیەك دەنگ بوونی خۆمان دەسەلماند، بەڵام پەیەدە بە هیچ شێوەیەك هاوکار نییەو نایەوێت بێجگە لە خۆی هیچ ڕێکخستنی سیاسی دیکە هەبێت. لەم بارودۆخەدا ئێمە سوپاسی جەنابی سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستان دەکەین کە هەرگیز کەمتەرخەمی و دریخیان نەکردووە بەرامبەر ئێمە، بە تایبەتیش هاریکاریکردنی پەنابەران و بزاڤی سیاسیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام هەروەکو وتم پەیەدە ئاستەنگە لەبەردەم ئامانجەکانمان کە ئەو ئەجندایەکی جیاواز لە ئێمە پەیڕەو دەکات، بەڵام هیوادارم عەقڵ و لۆژیك بەسەر هەموو بەرژەوەندییەکاندا زاڵ بێت و خزمەتی زیاتری میللەتەکەمان بکەین)).

شتێکەوە، چونکە حزبایەتی ئامرازێکە بۆ خەباتکردن لەپێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد، ئەوەی گرنگە دۆزی کوردە کە پێویستە هەموو حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە پێناویدا هەموو تواناکانیان بەرجەستەبکەن تا گەیشتنی کۆتایی بە داخوازی و مافە ڕەواکانمان. هەربۆیە ئەوانەی پابەندی ڕێککەوتنی هەولێر نابن هەردەم دەیانەوێت وا خۆیان پیشان بدەن کە گوایە دەتوانن بە تەنیا وڵات بەڕێوەبەرن، ئەوانە تەنیا خزمەت بە بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی و تاکەکەسیی خۆیان دەکەن و بەرژەوەندیی میللەت ڕەچاو ناکەن کە ئەمەش بە زیانی هەموومان دەشکێتەوە. لێرەدا گرنگە راشکاوانە ئەوە بڵێین کە هەڵوێستی سەرۆك بارزانی مایەی ڕێز و پێزانینەو پێویستە هەموو تاکێکی کورد بە ڕێزەوە سەیری بکات، کە هەردەم ئەوە دووپات دەکاتەوە کە نابێ خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێت ئەگەر نا ئەو کەس و لایەنەی ئەمە دەکات ئەوا بە تاوانباری میللەت لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە جەنابیان بە ئێمەی ڕاگەیاندووە کە ئەگەر یەك هەڵوێست بن و هاوکاریی یەکتر بکەن ئەوا منیش ئامادەم یارمەتیی دیپلۆماسی و لۆجیستی ئێوە بکەم، دیارە ئەمەشی لە روانگەی پەرۆشییەوەیەتی بۆ دۆزی رەوای گەلەکەمان لە رۆژئاوای کوردستان، بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەم هەڵوێستە لەسەر ئێمەی لایەنەکانی نێو بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە سوریا پێویستە یەك دەنگ و پلان و بەرنامە بین لە پێناو گەیشتن بە داخوازییەکانمان.

### ساڵح کەدۆ سکرتێری حزبی چەپی دیموکرات لە سوریا بۆ گوڵان:

# لەم قۆناخەدا سەرۆک بارزانی زۆر پەرۆشی سەرکەوتنی رۆژئاوای کوردستانە بۆیە گرنگە هەموو لایەنەکان بە یەک هەڵوێستی کاربکەین

**حزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان لەخەمی ئەوەدان ئەو هەلەی بۆ کورد هاتۆتە پێش لە رۆژئاوا سوودی لێوەربگیرێت و لەدەست نەدرێت، لەم چوارچێوەیەدا هەموو داوای یەکڕیز و یەك گوتاری دەکەن، بێجگە لە پەیەدە کە سیاسەتی تاکڕەوی پیادە دەکات، لەم چوارچێوەیەدا بەڕێز ساڵح کەدۆ سکرتێری حزبی چەپی دیموکراتی لەسوریا بەمجۆرە لە لێدوانێکی تایبەتدا رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**



((ئەمڕۆ دەرفەتێکی زێڕین بۆ ئێمەی کورد لە رۆژئاوا هاتۆتە پێش کە پێویستە هەوڵ بدەین سوودی لێ وەربگرین، دیارە یەکگرتنی کورد لەنێو خۆیدا باشترین ڕێگەچارەیە کە دەمانگەیەنێتە ئامانجەکانمان، بەڕاستی ڕێکەوتنی هەولێر هەلێکی پڕ لە سوودە بۆ ئێمەی لایەنە سیاسییەکانی کوردی رۆژئاوای کوردستان، لەم چەند رۆژەی رابردوودا هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ لەنێوان هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە سوریاو گەلی رۆژئاوای کوردستان بۆ گەیشتن بە خاڵی چارەسەری هاوبەش، ئومێدەوارین بەم زوانە ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە کە خزمەت بە بزاڤی کورد لە رۆژئاوا بکات. لەم قۆناخەدا سەرۆك بارزانی زۆر پەرۆشی سەرکەوتنی بزاڤی گەلی کوردە لە رۆژئاوای کوردستان و ئێمەش پێمان باشە هەموو لایەك بەیەکەوە لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتووی خاوەن یەك هەڵوێست کار بکەین و لە بەرامبەردا دانمان پێدا بنرێت، هەروەها ئێمە دەخوازین دوای رووخاندنی رژێمی بەشار ئەسەد سوریایەکی فیدرالی و پەرلەمانی و عیلمانی بێتەکایەوە کە زامنی هەموو مافەکانی گەلی کورد بێت. دیارە ئێمەش ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبین کە هەموو ناکۆکی و کێشەکان بە ڕێککەوتن چارەسەر بکەین، هاوکات هەردوو ئەنجوومەن بە هەموو لیژنە هاوبەشەکانیانەوە پێکەوە کاربکەین بە مەبەستی گەیاندنی دەنگمان بە هەموو جیهان. لەم چوارچێوەیەدا پێویستە لایەنەکانی هەردوو ئەنجوومەن لە رۆژئاوا شاندێکی هاوبەش پێك بهێنن و بچنە کۆنگرەی جنێف و لەوێ بەیەك گوتار و هەڵوێست دەنگی خۆمان بگەیەنینە هەموو جیهان، بۆیە ئەگەر ئێمە لەو کۆنگرەیە ئەو ئامانجانەی میللەتەکەمان بخەینەڕوو دەتوانین لەبەردەم وڵاتانی بەشدار و چاودێرانی سیاسیی بیسەلمێنین کە ئێمەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان لەسەر حەقین و داوای چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانمان دەکەین)).

# بۆچی ئەمریکا نەیتوانی هێرشبکاتە سەر سوریا

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

**بێجگە لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوا رەنگە ئەمریکا هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی جامیعەی عەرەبی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا بۆردومانکردن بەبێ ئەم رەزامەندی نێودەوڵەتی، دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمریکا یاسای نێودەوڵەتی پێشێل بکات نەک رژێمەکەی ئەسەد**

لـــە ٢١ی ٢٠١٣دا وا دەرکەوت رژێمی ســــوریا چەکی کیمیایـــی بەکارهێنابێـــت دژی موعارەزە لـــە غوتە- کە گەڕەکێکی رۆژهەڵاتی شاری دیمەشق- و نزیکەی ٥٠٠-١،٣٠٠ کەســـی کوشـــت، ژمارەکان دەگۆڕێن بەپێی ئەو راپۆرتە هەواڵگریانەی ئەمریکا کە ئاشکراکراون. لە کاتێکدا ماوەیەکی زۆر بوو رژێمەکەی ئەســـەد دەستی بە خوێنی خەڵکی بێتاوان ســــوربوو، ئەوا رەنگە ئێستا تاوانباربێت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئەمەش بەس نییە بۆ ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی بۆردومانی ســــوریا بکەن. لە راســـتیدا، ئەمریکا نە پلانێکی ژیرانەی چوونە ناوەو و نـــە پلانێکی ژیرانەی هاتنەدەرەوەی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لە بنەڕەتدا ئێمە دڵنیانین لەوەی رژێمی سوریا چەکی کیمیایی بەکارهێنابێت. پێشـــتر دەزگای هەواڵگری ئەمریکا هەڵەی کرد و درۆی لەگەڵ جیهاندا کرد.

بۆ نموونە، لە ســـاڵی ١٩٩٨دا ئەمریـــکا کارگەیەکی دروســـتکردنی دەرمانی لە سودان بۆردومانکرد بە بیانوی ئەوەی سودان چەکی کیمیایی بۆ ئەلقاعیدە دابینکردووە کە بەکارهێنراوە بۆ هێرشکردنەسەر باڵیۆزەکانی ئەمریکا لە کینیا و تانزانیا. دواتـــر دەرکەوت کە ئەو زانیاریە هەواڵگریانەی باسیان لەوەدەکرد گوایە سودان تاوانبارە راست دەرنەچوون.

بە هەمان شێوە لە میانەی ئامادەسازیەکان بۆ ئەو شەڕەی تێیدا دەســـەڵاتی سەددام حوســـێن رووخا لە ٢٠٠٣دا، کە هێشتا دەیەیەك دواتر کوشـــتار و دەرئەنجامەکانی هەست پێدەکرێت، ئەمریکا بانگەشـــەیەکی ناڕاســـتی کرد کاتێك رایگەیاند زانیاری هەواڵگری حاشاهەڵنەگری هەیە بەوەی عێـــراق خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژە و ئەمەش پاســـاوێکە بۆ هێرشـــەکە. بـــەڵام دەرکەوت جارێکـــی دیکە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بە هەڵەداچووە، یاخود درۆی داتاشیوە بۆ ئەوەی پاساوێك بۆ شەڕەکە دروست بکات.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم تۆمارە نادڵنیایە، بۆچی پێویستە ئێمە دڵنیابین لەوەی ئەمجارە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا راســـت دەکات؟ تەنانەت ئەگەر راســـتیش بن، ئایا ئەمە پاساوە بۆ بۆردومانکردنی رژێمی سوریا تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو هێڵە ســـورەی بەزاندووە کە ئەمریکا کێشـــاویەتی، کە دواتر ئەگەر تۆڵە نەکاتەوە ئاوی رووی لەدەســـت دەدات؟ لەوەش زیاتر، تەنانەت هەندێ کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە موعارەزەی ســـوری ئەنجامدەری راســـتەقینەی- ئەم هێرشـــەیە- لەبەر ئەوەی دەیەوێت ئەمریکا رابکێشـــێتە نێو کێشەکە بۆ رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەد کە خۆی ناتوانێت ئەو کارە بکات.




بیانووی ئەمریکا بۆ ئەو هێرشەی ئەگەری ئەوە دەکرێت بکرێتەسەر سوریا ئەوەیە کە رژێمەکەی ئەسەد یاسای نێودەوڵەتی پێشێلکردووە چونکە چەکی کیمایی بەکارهێناوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی ناپالم لە ڤێتنام مایەی بێزاری نەبوو بۆ ئەمریکا لەبەر ئەوەی خۆی ئەو چەکەی بەکارهێنا. بەم دواییە، ئەمریکا چاوپۆشی کرد لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن سەددام حوسێنەوە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٩دا-ڕاستیەکەی ١٩٨٨ە-دژی کوردەکان لە هەڵەبجە، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا سەددام یەکێك بوو لە هاوپەیمانەکانی. ئایا کەس باوەڕ دەکات ئەمریکا هەموو ئەو هەرایەی دروست بکردایە لەبارەی چەکی کیمیاییەوە ئەگەر موعارەزەی سوری ئەو چەکانەی بەکاربهێنیایە؟

ئاشکرایە کە کارێکی نایاساییە ئەگەر ئەمریکا بێ مۆڵەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هێرشبکاتە سەر سوریا، یاخود ئەگەر ئەو هێرشە وەك بەرگری لە خۆکردن ئەنجام نەدات. هیچ یەکێك لەم دوو حاڵەتە بەسەر دۆخی ئێستادا جێبەجێ نابن. ڕێگای یاسایی بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم قەیرانە ئەوەیە کە گفتوگۆ لەگەڵ روسیادا بکات بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش بهێنێتەسەر خەت. لە بنەڕەتدا نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوە پێکهێنرا تاوەکو بێ رەزامەندی هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش هیچ کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام نەدرێت. ئەگەرنا، نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێتە ئامرازێك بە دەستی یەکێك لە هێزە مەزنەکانەوە، نەك باڵی دادپەروەری نێودەوڵەتی. رەنگە نەتەوە یەکگرتووەکان ژیرتر بێت لە ئەمریکا، کاتێك هیچ کردەوەیەك لەم رووەوە ئەنجام نادات، ئەگەرچی ئۆباما و پشتیوانەکانی نایانەوێت گوێیان لەمە بێت. بێجگە لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوا رەنگە ئەمریکا هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی جامیعەی عەرەبی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا بۆردومانکردن بەبێ ئەم رەزامەندی نێودەوڵەتی، دەبێتەهۆی ئەوەی ئەمریکا یاسای نێودەوڵەتی پێشێل بکات نەك رژێمەکەی ئەسەد.

لەوەش زیاتر، ئەگەر ئەمریکا دەست بە بۆردومان بکات، ئەوا مەترسی ئەوە دەکرێت شەڕی ناوخۆیی سوریای هەڵکشێت بۆ شەڕێکی ئیقلیمی و تەنانەت نێودەوڵەتیش کە رەنگە سوریا و ئێران تێوەبگلێن و بە شێوەیەکی حەتمی ئیسرائیلیش -ڕادەکێشرێتە نێو شەڕەکە-. سەرەڕای ئەو دڵنیاییانەی کە تەنیا گورزێکی وردی نەشتەرگەرئاسا دەوەشێنێت-ئەوا دەرئەنجامەکە- کە پێی دەڵێن زیانی لاوەکی- بە شێوەیەکی حەتمی کوشتنی قوربانیە

**ئەگەر ئەمریکا دەست بە بۆردومان بکات، ئەوا مەترسی ئەوە دەکرێت شەڕی ناوخۆیی سوریا هەڵکشێت بۆ شەڕێکی ئیقلیمی و تەنانەت نێودەوڵەتیش کە رەنگە سوریا و ئێران تێوەبگلێن و بە شێوەیەکی حەتمی ئیسرائیلیش رادەکێشرێتە نێو شەڕەکە**



**ئەگەر دەوڵەتێکی بچووکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن ئەلقاعیدەوە بە راستی دەسەڵات بگرێتەدەست لە سوریای دابەشبووی دوای ئەسەددا، ئەوا لە پڕێکدا ئەمریکا خۆی لە دۆخێکیدا دەبینێتەوە کە بەرگری لە خۆی بکات دژی سوریا**

**کێشەی سەرەکی ئەمریکا بریتییە لەوەی ستراتیژیەتێکی پتەوی نەخستۆتەڕوو دەربارەی ئەوەی دەیەوێت چی بەدەست بهێنێت بە بۆردومانکردنی سوریا جگە لەوەی کە دەیەوێت سزای رژێمەکەی ئەسەد بدات لەبەر ئەوەی چەکی کیمیایی بەکارهێناوە**

مەدەنیەکان لە خۆدەگرێت و ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا سوریا بۆردومان نەکات. لەوەش زیاتر، بە دڵنیاییەوە رژێمی ئەسەد هەوڵی تۆڵەکردنەوە دەدات ئەگەر هاتوو بۆردومانکرا. بۆی هەیە هەر زوو بۆردومانکردنی یەکتری هەڵکشێت بۆ شەڕێکی گەورەتر کە هیچ لایەك خوازیاری نین.

لەوەش زیاتر، ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتوو بوو لە بۆردومانکردنی ئەسەد تا ئەو کاتەی خۆی بە دەستەوە دەدات، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەبێت لە روانگەی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی ئەمریکاوە، لەبەر ئەوەی هەندێ لە لایەنە هەرە بەهێزەکانی موعارەزەی سوریا سەر بە ئەلقاعیدەن، بەرەی ئەلنوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و ئەلشام نموونەی سەرەکین لەم رووەوە. ئەنجامدانی کردەوەیەك لەلایەن ئەمریکاوە دژی ئەسەد بۆی هەیە ئەم دەرئەنجامە نەخوازراوەی لێبکەوێتەوە. ئەگەر دەوڵەتێکی بچووکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن ئەلقاعیدەوە بە راستی دەسەڵات بگرێتەدەست لە سوریای دابەشبووی دوای ئەسەددا، ئەوا لە پڕێکدا ئەمریکا خۆی لە دۆخێکیدا دەبینێتەوە کە بەرگری لە خۆی بکات دژی سوریا، بە هەمان شێوەی کە دوچاری ئەمریکا بۆوە کاتێك لە سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردودا لایەنە ئیسلامیەکانی چەکدارکرد، بەڵام بەرهەمەکەی تەنیا ئەوەبوو کە لە ١١ی سێپتەمبەردا دووچاری دەرئەنجامێکی نەخوازراو بۆوە. لەوەش زیاتر، دۆخی هەرێمی کوردستان (KRG) چۆن دەبێت کاتێك لە پڕێکدا دەوڵەتێکی بچووکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن ئەلقاعیدەوە دەبێتە دراوسێی؟

لەوەش زیاتر، ئەگەر ئەمریکا لەگەڵ بەریتانیا و فەڕەنسای هاوپەیمانەکانیدا گورزێك لە سوریا بدەن، ئەوا دووبارە وەك ئیمپریالیزمی رۆژئاوا دەردەکەوێت کە دووبارە رووی ناشرینی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەردەخات. و رەنگە دەرگای دۆزەخ بکەینەوە و دەرئەنجامێکی پێچەوانەی دیکە دووچاری خۆمان بکەینەوە لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە عەرەبە ناسیۆنالیستی و جیهادی و سەلەفیە ئیسلامیەکان، کە بۆ ئەو مەبەستە یەکیان گرتبێت. ئایا هێشتا فێری ئەوەنەبووینە چۆن ژیرانە هەڵسوکەوت بکەین لە کاروبارە نێودەوڵەتیەکاندا؟ دەمانەوێت بێباکانە ژیانی چەند کەسی دیکەی ئەمریکی لەدەست بدەین، ئەمە ئەگەر باسی ئەو هەزاران ئەمریکیە نەکەین کە لە عێراق و ئەفغانستاندا ژیانیان لەدەستداوە، پێش ئەوەی فێربین رێگاگەلێکی ژیرانەتر بگرینەبەر بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم پرسانەدا؟

هەرچۆنێك بێت، کێشەی سەرەکی ئەمریکا بریتییە لەوەی ستراتیژیەتێکی پتەوی نەخستۆتەڕوو دەربارەی ئەوەی دەیەوێت چی بەدەست بهێنێت بە بۆردومانکردنی سوریا جگە لەوەی کە دەیەوێت سزای رژێمەکەی ئەسەد بدات لەبەر ئەوەی چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. ئەوەتان لە یاد بێت، ئۆباما گۆڕینی رژێمەکەی بە دوورگرتووە. هەرچۆنێك بێت بێ لەناوبردنی توانای ئەسەد، چۆن دەکرێت ئەم هێرشە کەمەی ئەمریکا کاریگەریەکی لێبکەوێتەوە جگە لەوەی تووڕەیی و سوربوونی ئەسەدی لێبکەوێتەوە بۆ شەڕکردن و تەنانەت تۆڵەکردنەوە لە ئەمریکا؟

ئەگەرچی ئەمریکا روونکردنەوەیەکی باشی نەداوە



**بەبێ بوونی ستراتژیەتێکی ژیرانەی دەستپێکردن و کۆتایی هێنان، ئەوا بۆردومانکردنی سوریا هەڵگری هەموو خەسڵەتەکانی هەڵگیرسانی شەڕێکی گێلانەی کارەساتبارە**

لەبارەی ئەوەی دەیەوێت چی بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەوەی خراپترە ئەوەیە پێدەچێت ئەمریکا ستراتیژیەتێکی باشی بۆ چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەو کارانە نەبێت کە پێشنیاری ئەنجامدانیان دەکات. هەر کە ئەمریکا هێرشی کردە سەر سوریا، ئەوا ئەگەری هەڵکشانی دۆخەکە دەکرێت و ئایا ئەوەش بەرەو کوێ سەردەکێشێت؟ تەنانەت بەبێ بوونی ستراتژیەتێکی ژیرانەی دەستپێکردن و کۆتایی هێنان، ئەوا بۆردومانکردنی سوریا هەڵگری هەموو خەسڵەتەکانی هەڵگیرسانی شەڕێکی گێلانەی کارەساتبارە، ئەو کارەی بەلای کەمەوە پێمانوابوو ئۆباما ژیرترە لەوەی کارێکی لەم چەشنە ئەنجام بدات.

خۆشبەختانە، پەرلەمانی بەریتانیا دەنگی بۆ پشتیوانی نەکردنی ئەمریکادا. لە راستیدا ئەمە جێی سەرسوڕمانە، ئەویش بە رەچاوکردنی ئەوەی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا چەند بەهێزبووە و چۆن دەسەڵاتی پەرلەمان لە ماوەی سەدەی رابردودا داکشاوە. سەرۆکی ئەمریکا ئۆباما- کە پیشانیدا دەتوانێت بە خێرایی فێربێت- لە کارەکەی پەرلەمانەکەی بەریتانیاوە دەستی پێکرد و توانیویەتی خۆی لەو تەڵەیە دەرباز بکات کە خۆی بۆ خۆی چنیویەتی کاتێك هێڵی سوری کێشا کە بریتی بوو لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی. گەڕاندنەوەی تۆپەکە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا بەلای کەمەوە ئەم پرسە دوا دەخات و رەنگە لە کۆتاییدا بڕیاری بۆردومانەکردن بدرێت. ئەمەش کارێکی باشە، لە مەودای کورتدا.

هەرچۆنێك بێت، بواردان بە کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدات، ئەوا رەنگە ئۆباما دەست لە دەسەڵاتی بڕیاردانی شەڕ وئاشتی بەربدات، کە یەکێکە لە مەزنترین دەسەڵاتەکانی. رەنگە دواتر دوچاری پەشیمانی بێتەوە بەهۆی لەدەستدانی ئەم دەسەڵاتەوە، ئەویش لەبەرە ئەوەی بەرنامەی چەکی ناووکی ئێران لە ئاسۆی نزیکدا دەرکەوتووە سەرەڕای هۆشداری هاوشێوە لەلایەن ئۆباماوە لەبارەی هێڵە سورەکان بەلای ئەمریکاوە کە هەڕەشەیەکی زۆر مەترسیدارترە لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمریکا لە بەکارهێنانی چەکی کیمایی لەلایەن سوریاوە. رژێمی سەربازی نوێی میسریش بەردەوامە لە فەرامۆشکردنی داواکاریەکانی ئەمریکا بۆ هێنانەئارای ئاشتی دوای کوشتنی زیاتر لە ٦٠٠ خۆپیشاندەر. ئەو کوشتارە تائیفیە بەردەوامەی لە عێراقدا هەیە و ئایندەی لەرزۆکی ئەفغانستان هەر کاتێك هێزەکانی ئەمریکا کشانەوە لە ساڵی ٢٠١٤دا کێشەی کوشندە بۆ ئەمریکا دروست دەکەن لە ئایندەی نزیکدا، بە چاوپۆشین لەوەی چی لە سوریادا روودەدات.

**بواردان بە کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی بدات، ئەوا رەنگە ئۆباما دەست لە دەسەڵاتی بڕیاردانی شەڕ وئاشتی بەربدات، کە یەکێکە لە مەزنترین دەسەڵاتەکانی**

مێژووی سەدەی رابردو بە باشی ئەوەی سەلماندووە کە کۆنگرێس بە سروشتی خۆی دامەزراوەیەکە تێیدا مەسەلەکان تاوتوێ دەکرێت و نەگونجاوە بۆ ئەوەی بڕیاری کتوپڕ بدات لەبارەی ئەوەی چۆن وەڵامی قەیرانە سەربازیەکان بدرێتەوە. هەر ئەمەش دەقا و دەق هۆکاری ئەوەیە کە بۆچی ئەوەی کە سەرەڕای دەستووری ئەمریکا هێشتا تەئکید لەوە دەکاتەوە کە کۆنگرێس جەنگ رابگەیەنێت، لە راستیدا ئەوە سەرۆکە کە ئێستا ئەو کارە دەکات، ئەویش لەبەر ئەوەی دەتوانێت بڕیاری خێرابدات کە ئەمەش زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوەیە لە جیهانی ئێستادا.

# ئایا عێراق بەرەو دەوڵەتێکی شکستخواردوو هەنگاو دەنێت؟

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی



بەلای خەڵکی عێراقەوە، ساڵی ٢٠١٣، ساڵێکی زۆر خراپ بووە. جگە لە کوردستان، ئاستی توندوتیژی لە سەرجەم ناوچەکانی عێراقدا بە چەشنێکە، کە لە دوای گرژی و شڵەژانە خوێناوییەکانی ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ەوە وێنەی نەبووە. سروشتی ئەو خوێنرێژییە نوێیە هاوشێوەی ناکۆکییە تائیفییەکانی ئەو رۆژگارەی پێشووە، کە تێیدا عەرەبی شیعە وسوننە هێرشی قێزەونیان دەکردە سەر پێکهاتە و شوێنە پیرۆزەکانی یەکتر. وا پێدەچێت وەك هەمیشە هێنانەدی ئامانجی عێراقێکی یەکگرتوو، و ئاشتیخواز و دیموکرات ئەگەرێکی دووربێت، لە راستیدا، بە رەوچاوکردنی سروشت و مەودای کوشتارەکە، ئەوا ئێستا هەندێ لە چاودێران پرسیاری ئەوە دەکەن ئایا عیراق لەسەر لێواری ئەوەیە کە ببێتە سۆماڵ یان سوریایەکی دیکە-» دەوڵەتێکی شکستخواردوو» کە تێیدا دەسەلاتی نیشتیمانیی سیاسی هەرەس بهێنێت.

رەنگە هێشتا زوو بێت بۆ ئەوەی بگەینە ئەم دەرئەنجامە خراپە، بەڵام رەوتی رووداوەکان تا دوا رادەە نیشانەی شومیان لێ بەدی دەکرێت. ئاماژەگەلێك هەن کە بۆی هەیە عێراق بگلێتە گێژاوێکی گەورەتری ئیقلیمییەوە کە بریتییە لە ململانێی دەسەلاتی نێوان شیعە و سوننە. بە دڵنیاییەوە، ئەوەی لە سوریای دراوسێدا روودەدات کاریگەریی ناسەقامگیرکەری لەسەر عێراق هەیە. بە ئەندازەیەکی گەورە شەڕی ناوخۆی سوریا بۆتەهۆی ئەوەی یاخیبوونەکە- کە سوننەکان زاڵن بەسەریدا- دژی

هاوپەیمانێتییەك بووەستنەوە كە پێكهاتووە لە كەمینە ئیتنی و ئاینییەكان و پشـــتیوانی حكومەتەكەی بەشار ئەسەد دەكەن. دوو پێكهاتە سەرەكییەكەی نێو هاوپەیمانێتییە كەمینەی عەلەوی ســـەر بە خودی ئەســـەد (كە لقێكن لە ئاینزای شیعە) و مەسیحییە گەمارۆدراوەكان. پێدەچێـــت كەمینە ئیتنییەكانی دیكە( بە تایبەتی كورد ) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گیریان خواردبێت.

شەڕی سوریا كێشەگەلێكی بێشوماری خوڵقاندووە. یەكێكیان بریتییە لە هەڵاتنی دەیان هەزار ئاوارەی سوری، كە بارگرانییەكی لۆجیستی و دارایی زۆری لەســـەر حكومەتی نیشتیمانی بەغدا و حكومەتی هەرێمی كوردستان دروستكردووە. بەڵام ناكۆكییەكە ئـــەو گرژییـــە ڕوو لە ئاڵۆزییەی نێوان شـــیعە و سوننەی نێو عێراقیشی خراپتركردووە. ڕەنگە ئەوەش ڕێككەوت نەبێت كە ناكۆكییە تائیفییەكانی عێراق لە دوای توندبوونەوەی شـــەڕی ناوخۆیی سوریاوە هەڵگیرســـانەوە. نەك هەر تەنها توندوتیژییەكەی ســـوریا ئەو كاریگەرییەی هەیە، بەڵكو عێراق لە ژێر فشارێكی ڕوو لە زیادی ئێراندایە، كە هێزێكی شـــیعەی ســـەرەكییە لە ناوچەكەدا، و ســـعودیە و توركیا كە هێزگەلێكی ســـوننەی ســـەرەكین و پشتیوانی سەرەكی یاخیبوونەكەی دژ بە سوننەن، هەر یەكەیـــان لە بەرژەوەندیی لایەنێكی شـــەڕی ناوخۆیی ســـوریا كار دەكەن. هەمو ئەم فاكتەرانە بەشداربوونە لە ناسەقامگیركردنی عێراقدا.

تا ئێســـتا، كوردستانی عێراق توانیویەتی خۆی لە خراپتریـــن حاڵەتی توندوتیـــژی لابدات، بەڵام بەم دواییە، ئاماژەی پەرێنەوەی خراپبوونی بارودۆخەكە لـــە ئارادایە. ئەو گرژیەشـــی كەلێـــی كەوتۆتەوە بۆتەهۆی خراپبوونی پێكداهەڵپژانە سیاسییەكەی كوردســـتان. تەنانەت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی ئەو گرفتانەشـــدا، تا ڕاددەیەكی باشی كوردستان وەك قەوارەیەكی سیاسی پڕ لە ئاشتی ماوەتەوە كە بە باشـــی حكومڕانێتی دەكرێت-واتە دوورگەیەكی ســـەقامگیرە لە نێو عێراقێكدا كە ڕۆژ بە ڕۆژ پشـــێوی زیاتر باڵی بەســـەردا دەكێشـــێت. پرســـیارەكە ئەوەیە ئایا بەم شێوەیە دەمێنێتەوە؟

زۆر گرنگە كە ســـەركردەكانی هەرێمی كوردســـتان و ئەمەریكا هەڵســـەنگاندن بۆ ئەوە بكەن ئایـــا ئەگەری ئەوە هەیە عێـــراق وەك وڵاتێكـــی قابیلی بەردەوام بـــوون دەمێنێتەوە. چەندەهـــا ئاماژەی نیگەرانكەر هەن و ئەگەر ناكۆكییەكی چەكداری سەرتاســـەری لە نێوان شیعە و ســـوننەدا بەرپا بێت، كـــە ئەوا ڕەنگە ئەنجامەكـــە جیاواز بێت، بە بەراورد بەو ئەنجامەی لە ساڵی ٢٠٠٧دا هاتەكایەوە. لەو ماوەیەدا ســـوپای ئەمەریكا هێشتا عێراقی داگیركردبوو، واشنتۆنیش هەموو دەستڕۆیشتوویەكی سەربازی و سیاسی بەكارهێنا كە مومكیـــن بوو بۆ ئەوەی شەڕەكە خاو بكاتەوە. ئەمجارەیان، سوپای ئەمەریكا بوونی نییە و هێزی سیاســـی و دیبلۆماســـی ئەمەریكا لە بەغدا زۆر كەمترە بە بەراورد بە شـــەش ساڵی پێش ئێستا. ئەگەر عێراق جڵەوی توندوتیژییە تائیفییەكەی نەكات، ئەوا كارێكی كەم لەدەست دێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە عێراق بگیرێت تاكو نەخزێتە نێو كابووسێكی پڕ لە پشێوی بە چەشـــنی ئەوەی دەوڵەتە شكســـتخواردووەكانی دیكـــە پێـــوەی گرفتارن.

**رەوتی ڕووداوەكان تا دوا ڕاددە نیشانەی شوومیان لێ بەدی دەكرێت و ئاماژەگەلێک هەن كە بۆی هەیە عێراق بگلێتە گێژاوێكی گەورەتری ئیقلیمییەوە كە بریتییە لە ململانێی دەسەڵاتی نێوان شیعە و سوننە**

**زۆر گرنگە كە سەركردەكانی هەرێمی كوردستان و ئەمەریكا هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بكەن ئایا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق وەک وڵاتێكی قابیلی بەردەوام بوون دەمێنێتەوە، چەندەها ئاماژەی نیگەرانكەر هەن و ئەگەر ناكۆكییەكی چەكداری سەرتاسەری لە نێوان شیعە و سوننەدا بەرپا بێت**

---

*** توێـــژەری بـــاڵا و جێگـــری ســـەرۆكی پرۆگرامەكانی ئامۆژگای كاتۆ و نووســـەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

# کێ لە کێشە و مەینەتییەکانی گەلی عیراق بەرپرسیارە؟



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێ شرۆڤەکاری سیاسی بەدواداچوون بۆ بارودۆخی چەند ساڵەی رابردووی عیراق دەکات ئەوە بەچاوی خۆی دەیبینێت کە رەوشەکە سەرتاپای بریتییە لە مردن و ماڵوێرانی و کاولکاریی ئابووری، تەنانەت شێواندنی هزرو کلتوورو کایەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی،واتا کارەساتێکی زۆر گەورە ئەم وڵاتەی گرتەوە،کە هەموو دەرفەتەکانی پێشکەوتنی پیشەسازیی نیشتمانی و بەرهەم هێنانی ناوخۆیی لەبەردەمدا گیراو رێگەی بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی خۆشکرد و کۆمەڵگەی عیراقیشی گەڕاندەوە بۆ سەردەمی خێڵایەتی و سەرەتای ژیانی ساویلکە، بەم شێوەیەش کودەتایەکی هزرییان بەسەر هەموو بنەما بنەڕەتییە رەسەنەکاندا هێنا،ئا لێرەدا رێگە لەبەردەم سەرهەڵدانی باندی گەندەڵکار خۆشکرا تاکو بەپێی مەرام و نیازە گڵاوەکانیان یاریی بە چارەنووسی ئەو میللەتە داماوە بکەن.

ئەوەی زیاتر کارەساتی بۆ ئەو میللەتە هێناوە، ئەوەبوو کە دوای رووخانی رژێمی بەعس کەسانێك جڵەوی دەسەڵاتیان لە عیراقدا گرتە دەست کە سەر بە حزب و رێکخراوی سیاسی فرە ئاراستەو بیروباوەڕن،کە زۆربەیان ئەو زەمینەیان خۆش نەکرد کە پرەنسیبەکانی دیموکراسییەت و ئازادی لە وڵات برەخسێت و تێڕوانینی عەقڵانی لە هەڵسەنگاندنی بەهاو نەریتە رەسەنەکان بکەنە پێوەر، بەڵکو ئەوانە هەر بە ریتمی جاران هەڵسوکەوت دەکەن و خەمی سەرەکییان پابەندبوون و وابەستەبوونە بە کورسیی دەسەڵات،بە واتایەکی دیکە ئەو هێز و پارتە ئیسلامیە سیاسییانە و هەندێ لە هێزە ناسیۆنالیستە شۆفینییەکان کە دەسەڵاتیان لە عیراقدا گرتە دەست و دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆر رۆڵێکی ناڕەواو خراپیان گێڕا لە هەڵگیرساندنی ئاگری دووبەرەکی و ململانێی نەتەوەیی و تایفی و قووڵکردنەوەی رکابەریی توندڕۆیی ئایینی و ئایینزایی کاتێ ئەمەیان وەك ناسنامە بەکارهێنا لەباتی دارشتنەوەی گیانی تەبایی و پێکەوەژیان لە میانی ناسنامەیەکی نیشتمانی رەسەنی عیراقیدا.

لە سایەی ئەو بارودۆخە نالەبارەدا دەستووری عیراق زۆر بەپەلە دانرا کە لە هەندێ لایەنیدا مەیلخوازیی تایفی پێوە دیارە،هەروەها هەردوو هەڵبژاردنی گشتیی یەکەم و دووەم لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠١٠ ئەنجامدران و هەڵبژاردنی پارێزگاکانیشی بەدوادا هات. گەلی عیراق هەمان ئەو هێزە سیاسییانەی هەڵبژارد کە هۆکاری بەرپاکردنی جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزایی بوون و گەندەڵی و بێسەروبەرییان بۆ ئەم وڵاتە هێنا و بەمەش بوونە هۆی سەرهەڵدان و

گەشەسەندنی تیرۆری خوێناوی لە وڵاتدا،ئەو تاقمەی ئێستا حوکمڕانیی عیراق دەکات بەدەرو نامۆ نییە لە واقعی ئەم کۆمەڵگەیە و دواکەوتنی هزریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ئەم گەلە،بەڵکو بەشدارن لە بەرجەستەکردنی بەها و مۆرال و رەفتارەکانی نێو سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە،بۆیە ئەم قۆناغە وا پێویست دەکات کە حاڵەتە نەرێنییەکان وەلاوە بنرێت کە ئەمە تواناو دەسەڵات و ئیرادەیەکی قایمی دەوێت کە لای بەرپرسان ئەستەمە تا رادەیەك بێتەدی لەبەر ئەوەی رووبەڕووی مەرام و نیازەکانی خودی ئەندامانی کۆمەڵگە دەبنەوە.

پرۆسەی چاکسازیی لە کۆمەڵگەی عیراق پێویستی بە بەرنامەیەکی سەرتاسەرو چڕوپڕ هەیە کە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و ژینگەیی بگرێتەوەو پشت بە پرەنسیبەکانی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و مافی سەرجەم نەتەوەکان و دادپەروەریی و ئاشتی کۆمەڵایەتی ببەستێت،کە ئەمانە زۆربەیان لە نێو کۆمەڵگەی عیراقدا زۆر زەحمەتە لەم قۆناغە ئاڵۆزەدا بێتەدی،لە کاتێکدا کە قازانجی نەوت لە وڵاتدا زۆرەو بەشی بووژاندنەوەی ژێرخانی داتەپیوی عیراق دەکات، بەڵام وەك دەبینین رۆڵی دەسەڵات لە بووژاندنەوەی ئەم ژێرخانەو پیشەسازیی نیشتمانی و کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان زۆر لاوازە تەنانەت ئەم داهاتە بۆ سوودی بەکارخستنی هێزی کارو بنیادنانەوەی وڵات بەکارنایەت،کە تا رادەیەك ببێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی دیاردەی بێکاری کە ئێستا بۆتە دەردێکی کوشندەی کۆمەڵایەتی و گوزەرانیی رێژەیەکی زۆری خەڵکی ئەم وڵاتە،هەوەها بۆ دروستکردنی دامودەزگاکانی دەستوری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و تیرۆر کە دوو رووی یەك دراون.

واقعی ئێستای عیراق لە سیاسەتمەداران دەخوازێت هەموو هەوڵ و کۆششەکانیان بخەنەگەڕ بۆ بە پیشەسازیکردنی وڵات و تازەکردنەوەی کشتوکاڵ خزمەتگوزارییەکانی بەرهەمهێنان و بنیادنان و پەرەپێدانی بنەما سەرەکییەکانی پشتگیریکردن لە چینی کرێکار و بووژاندنەوەی بۆرجوازییەتی نیشتمانی،بۆیە هەم چینی کرێکاران وهەمیش بۆرجوازییەتی نیشتمانی دوو فاکتەری سەرەکین لە دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی ئاسودە و دیموکراتی و دەستوری هەروەها زاڵبوون بەسەر بارودۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری.

پرۆسەی گۆڕانکاریی ئابووری کاتێکی زۆر دەخایەنێت بەڵام لەگەڵ دەست پێکردنی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگە زیاد دەکەن و ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیەش دەگەڕێنەوە سەر دۆخە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکەی جارانیان و هەڵ و کۆشش لە خزمەتی بنیادنان و پەرەپێدانی هەموو کایەکانی ژیان بەرجەستەدەکەن،لێرەدا کۆمەڵگە زۆر دلێرانە دەتوانێت بەرەوڕووی بیری سەلەفیی دواکەوتوو و ئەو دەزگا بەناو ئایینیانە بوەستێتەوە کە مەبەستیان چەواشەکردن و فێڵکردنە لە خەڵك بە بیروباوەری پڕوپوچ و بێ بنەما کە دەبنە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەمەش رێگە لەو کەسانە دەگرن کە هەردەم بە ناوی ئایینەوە مێشکی خەڵك بە شتی لابەلای دوور لە بیروباوەڕی پیرۆزی ئایین خەریك دەکەن،بۆیە دەبینین ئەو کەسانە نموونەی فتوای ترسناك بڵاودەکەنەوە کە بەر لە هەموو شتێك ئایین لەبەرچاو خەڵکەکە دەخەن و دواتر تۆوی رق و کینەو دووبەرەکی لە نێو ئایین و ئایینزاکان دەچێنن، دواکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی رۆڵی سەرەکیی هەیە لە بەردەوامبوونی دواکەوتنی فیکری و سیاسی هەروەها سەرهەڵدانی هەژاری کە رێژەیەکی زۆری گەلی عیراقی گرتۆتەوە چونکە نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهات وای کردووە کە بێکاریی بە شێوەیەکی بەرچاو زۆربەی شارو شارۆچکەکانی عیراق بگرێتەوە.

دەبێ هەموومان دەرك بەوە بکەین کە ئەو تاقم و گرووپانەی ئێستا حوکمی عیراق بەڕێوەدەبەن بە دەنگی زۆرینەی ئەو خەڵکە بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتیان وەرگرتووە،هەر ئەوانە جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەسەڵات دەگرنەوە دەست مەگەر گۆڕانکارییەکی کەم نەبێت بە هۆی هاتنەپێشەوەی هەندێ لە هێزو رێکخراوی سیاسیی دیکە کە پێشتر ئۆپۆزسیۆن بوون یان رەخنەیان لە ئیش و کارەکانی حکومەت دەگرت،بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئایا عەقڵییەتی فەرمانڕەواو خودی کۆمەڵگەی عیراقی بە هەموو پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی و ئیتنییەوە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، لە کاتێکدا گەلی عیراق چاویان لەوە بوو ئەو هێزە سیاسییانەی دەسەڵات وەردەگرن بتوانن گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ژیانی تازەیاندا بێننەدی و تا رادەیەك لە خەم و مەینەتییەکانیان سووك بکەن نەك رۆژ لە دوای رۆژ دووچاری سەرگەردانی و ماڵوێرانی و نەهامەتی ببنەوە،بۆیە لێرەدا تاك و کۆمەڵگە لەم دۆخە تازەیە بەرپرسیار نین بەڵکو گەلی عیراق قوربانیی ئەو واقعەو بیرکردنەوەو رەفتارەی دەسەڵاتدارانن کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی خۆیان دەکەنەوە .

**پرۆسەی چاکسازیی لە کۆمەڵگەی عیراق پێویستی بە بەرنامەیەکی سەرتاسەرو چڕوپڕ هەیە کە پشت بە پرەنسیبەکانی دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و مافی سەرجەم نەتەوەکان و دادپەروەریی و ئاشتی کۆمەڵایەتی ببەستێت**

**هێزو پارتە ئیسلامیە سیاسییەکان و هەندێ لە هێزە ناسیۆلیستەکان لە هەڵگیرسانی ململانێی نەتەوەیی و تایفی رۆڵی خراپیان گێڕا**



# دیسانەوە سۆدان گڕی گرتەوە

ئەسما حوسێنی – ڤامیرە/گوڵان

خۆپیشاندانەکانی ئەم ڕۆژانەی دواییی لە سۆدان کە دژی بەرزبوونەوەی نرخەکان و هەڵگرتنی پاڵپشتی لەسەر جۆرەکانی نەوت روویاندا، تا ئێستا بەدەیان کوژراوو برینداری لێکەوتۆتەوە، هیچ کام لە خۆپیشاندانەکانی پێشوو لەماوەی ساڵانی رابردوودا بەم توندییەی ئێستا نەبووە.

ئەمەش بەهۆی ئەوەی بەملیۆنەها کەس لە گەلی سۆدان جەبرو ستەمی چارەکە سەدەیەکی حوکمڕانی کە لەژێر دروشمی حزبێکی ئیسلامیدایە دەچێژێت ڕەت دەکەنەوە. ئەو دوو پاساوەی خەڵکی هێناویانەتەوەو ئەوانی خستۆتە سەر شەقام بریتی بوون لە کەمکردنەوەی سووتەمەنی و بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك، بەڵام ئەمانە بەتەنیا هۆکار نین بۆ ئەم ڕاپەڕینەی ئێستایان، بەڵکو لە پاڵیدا ئەم دروشمانەشیان بەرز کردبۆوە کە بریتی بوون لە رووخاندنی رژێم و بەدەستهێنانی مافەکان و ئازادییەکان، بۆیەکەمین جاریش بوو خەڵکی داوای ئەوەی لە عومەر بەشیر دەکرد کە خۆی بداتە دەست دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان، گەلی سودان بەهۆی سروشتی ڕەوەندایەتی و بەدەویەتیەوە ماوەیەکی زۆرە لە سستبوونێکی قووڵدا دەژیان، ئەم ڕاپەڕینەی ئێستایان هەردوو شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩٦٤ و ئەبریلی ١٩٨٥ لە مێژووی سۆداندا دێنێتەوە یاد، پاش ئەوەی باشوور لەسۆدان جیابۆوەو لە٧٥٪ی داهاتی پیترۆل دابەزی، هەروەها نرخی جونەیهی سۆدانی لەئاستی هەڵئاوساندا گەیشتۆتە ٤٨٪، خەڵکانێك هەن لەناوخۆی کۆشکی حوکمداریدا چاوەڕوانی ڕوودانی کودەتایەك دەکەن و کەسانێکیش گرەو دەکەن لەسەر ریفۆرمخوازی لەناو سیستمی فەرمانڕەوایەتی سۆدان، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە هەموو نەیارەکانی حوکمدارێتی ڕێکەوتوون لەسەر رووخاندنی رژێمی بەشیر. کەسانێکیش ترسێکی زۆریان هەیە لەبەرئەوەی گەربێت و حکومەت بڕوخێت و دۆخەکە بەرەو ئاشوب و ئاڵۆزی زیاتر بچێت و چەك و تەقەمەنی بە ناو تاکە تاکەی خەڵکیدا بڵاو بێتەوە، هەموو ئەو کین و رقە ئەستوورەی لە ساڵی ١٩٨٩ ەوە بەرامبەر حوکمی ئێستا لە سۆداندا هەیە بەتەواوەتی بتەقێتەوەو وەرزی بەهاری چاوەڕوانکراویان لێ بکاتە پایزێکی پڕ لە گێژەڵۆکە ڕەشەباو هاوێنێکی گەرمی سووتێنەر.

وێڕای رووبەڕووبوونەوەی توندی حکومەت لەبەرامبەر



خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە بەڵام دروشمی گۆڕانکاریی سەرتاسەری بۆتە ئامانجێك لەلایەن گەنجان و جەماوەری بەشداربووی سەر بە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیشەوە و هەمووان پێکەوە گەلەکۆمەکێیان بەستووە تا ئەلتەرناتیڤێك بدۆزنەوە بەدوور بێت لەو بزوووتنەوە چەکدارییانەی کە دەیانەوێت بە زەبری چەك و هێز رژێم بڕووخێنن. رژێمی سۆدان دانی نەناوە بەبەرپرسیارێتی ئەم بارودۆخەی ئێستا کە بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی خۆیەوە لەماوەی ٢٥ساڵی فەرمانڕەوایەتیدا کەڵەکە بووە، ئەم ڕژێمە بە بەردەوامی قەبارەی گرفتەکانی ناوخۆ بچووك دەکاتەوەو لە هەیبەت و توانای ئۆپۆزسیۆن کەم دەکاتەوەو وێنەی خۆنیشاندەرانی سڤیل و ئاشتیانە بەشێوازێکی تڕۆو دڕندە نیشان دەدات و تۆمەتی پێشێلکاری یاساو و تێکدەرانەیان دەخاتە پاڵ و وەکو بەکرێگیراوو خیانەتکارو پیلانگێڕ لەسەر ستراتیژی نیشتمانی سەیریان دەکات، بەمەش هێچ دەرفەتێك لەبەردەم چارەسەری گرفتەکان ناهێڵێتەوە،ئەمجارەش رووبەڕووبوونەوەی توندی ئەم خۆپیشاندانانە نارەزایەتی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە، چونکە بازووی پۆلاینی دامودەزگا ئەمنیەکانی سۆدان زۆر بەتوندی هەموو ئەوانە لەناودەبات کە دەکەونە دەستی پیاوانی دەزگا ئەمنیەکانەوە، ئێستا ماڵ بەماڵی ناو گەڕەکەکانی خەڕتووم دەپشکنن تاکو خۆپیشاندەرانیان لێ راو بکەن، سەرەڕای ئەوەش دیواری ترس لەلایەن خەڵکییەوە داڕماوە، لاوانی ئەو وڵاتە لایەنگیری و خۆدانەپاڵی خۆیان بۆ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان وەلاناوە چونکە ئەو پارتانەی ئۆپۆزسیۆن بوونەتە بەربەست لەبەردەم ئامانجە نیشتمانیەکاندا، ئێستا لە دووری پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا جەماوەر خۆی بە باشترین شێوە ریزەکانی خۆیان مەحکەم کردووە. کەواتە ئەم مانگرتن و خۆپیشاندانانە وەڵامدانەوەی بانگهێشتی پارتێکی سیاسی و پلانی حزب و هات وهاواری حەماسیانەی سەرکردەیەکی سیاسی نییە بەڵکو رەنگدانەوەی بارودۆخێکە کە چیتر بۆ کەس لە سۆداندا تەحەمول ناکرێت، ئەویش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکەکان و نەمانی خزمەتگوزاری و کەوتنەوەی بێکاری و گرانی ئەو کەلێنە فراوانەی کەوتۆتە نێوان کەمینەیەکی خاوەن هەموو شتێك و زۆرینەیەکی زۆری خەڵکی کە نانی بژێوی رۆژانەی نییە، چیتر خەڵکیش بڕوایان بە بەڵێنەکانی عومەر بەشیر نەماوە کە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی هەڵیبڕیبوون. ئەوەتا رژێمی سۆدانیش وەکو رژێمەکانی تری هاوشێوەی رژێمە عەرەبیەکانی کە سەری خۆیان خوارد پەندی وەرنەگرتووە، ئەمیش لەسەر هەمان رێچکەی ئەوانی تر دژ بە گەلەکەی هەڵسوکەوت دەکات، ئێستا سۆدان لەبەرامبەر چەند بژاردەیەکی قورسدایە ئایا وەڵامی دروستی خەڵکی ڕاپەڕیوو دەداتەوەو چارەسەرێکی ریشەیی دۆخەکە دەکات، یان ئەوەتا ئەم نەمامی متمانەیەی نێوان جەمسەرەکان هیچ بوارێکی تێدا نەماوەتەوە بۆ چارەسەرێکی مامناوەندی سیاسی، ئەوەی بارودۆخەکەی ئاڵۆزتریش کردووە هەبوونی ئەو بزووتنەوە چەکدارانەیە کە لەدەوروبەری سۆدان مۆڵیان خواردووەو لە ئامادەباشیدان بۆ هاتنە سەر هێڵی قەیرانەکە، سامناکیەکەی ئەمانە لەوەدایە ئەم خۆپیشاندانە ئاشتیخوازانە وەربگۆڕن بۆ جەنگێکی ناوخۆیی و بە هۆیەوە چەکێکی زۆر بەسەر هاووڵاتیانی سۆدان دابەش بکەن و هەرچی رق و کینەی ساڵەهای ساڵە لەدەروونیاندا پەنگی خواردبێت بەخەبەری بهێننەوە، خۆ ئەگەر ئەمەش رووبدات قەیرانەکە خوێناویی دەبێت و ماوەی چارەسەرکردنی گرفتەکانیش درێژتر دەبنەوە هەروەها بە لێشاو پەناهەندەی زیاتر ڕوودەکاتە دەرەوەی سۆدان و کارەساتی مرۆیی گەورەتری لەوەی ئێستا لێدەکەوێتەوە .

هەڵبژاردنی ئەم بژاردەیەش بۆ حکومەتێك بەدوور نازانرێت کە لەخەیاڵی چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانی وڵاتەکەدایەو وادەزانێت بەچەند مانگێك هەموو شت وەکو خۆی لێدێتەوە، لەم لایەشەوە ئۆپۆزسیۆن بەهەردوو باڵی سیاسی و چەکدارییەوە لەسەر هێڵن بۆ قۆستنەوەی ئەم خۆپیشاندانانەو گرژتر کردنی شەقامی سۆدانی و قۆزتنەوەی بارودۆخەکەو رانەوەستان و ئارامنەگرتن تا رووخانی تەواوەتی رژێم بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو زەحمەتی و تەحەدییانەی رووبەرووی ئەم وڵاتە دەبێتەوە..

**بەملیۆنەها کەس لە گەلی سۆدان جەبرو ستەمی چارەکە سەدەیەکی حوکمڕانی کە لەژێر دروشمی حزبێکی ئیسلامیدایە دەچێژێت ڕەت دەکەنەوە**

**رژێمی سۆدانیش وەکو رژێمەکانی تری هاوشێوەی رژێمە عەرەبیەکانی کە سەری خۆیان خوارد پەندی وەرنەگرتووە، ئەمیش لەسەر هەمان رێچکەی ئەوانی تر دژ بە گەلەکەی هەڵسوکەوت دەکات**

**ئەوەی بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردووە هەبوونی ئەو بزووتنەوە چەکدارانەیە کە لەدەوروبەری سۆدان مۆڵیان خواردووەو لە ئامادەباشیدان بۆ هاتنە سەر هێڵی قەیرانەکە**